www.alibapir.com

زنجیرەی بابەتە هەنووکەییەکان

ئەڵقەی یەکەم

لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەگەڵتانین
Stay in touch on social media
نحن معكم عبر مواقع التواصل الاجتماعي
ڕاگەیاندنی مەکتەبی مامۆستا عەلی باپیر
عەلی باپیر/AliBapir
archive.org/details/@alibapir
عەلی باپیر/AliBapir
AliBapir
Google Play
App Store
www.alibapir.net
English - عربي - کوردی
کەناڵی
ڕاگەیاندنی مەکتەبی مامۆستا عەلی باپیر
ڕاگەیاندنی مەکتەبی مامۆستا عەلی باپیر

عەلی باپیر

گەنجەکانمان

نوزاد

لە نێوان

ڕەسەنایەتی و لاسایی کردنەوەدا

التفسير للنشر والإعلان
بۆ بڵاوکردنەوە و ڕاگەیاندن

www.alibapir.com

گەنجەكانمان لە نێوان ڕەسەنایەتیی و لاسایی كردنەوەدا

www.alibapir.com

www.alibapir.com

گەنجەکانمان
لە نێوان
ڕەسەنایەتیی و لاسایی کردنەوەدا

عەلی باپیر

1427 ك   2006 ز

www.alibapir.com

www.alibapir.com

پێشکەش بێ

بەو گەنج و تازە پێگەیشتوانەی لە سایەی ئیمان بە خواو متمانە بەخۆبوونەوە ڕەسەنایەتی ئیسلامیی و نەتەوەیی خۆیانیان پاراستوە و گیرۆدەی دەردی لاسایی کردنەوەی کوێرانە نەبوون!

www.alibapir.com

www.alibapir.com

بسم الله الرحمن الرحيم

﴿نَحْنُ نَقُصُّ عَلَيْكَ نَبَأَهُم بِالْحَقِّ إِنَّهُمْ فِتْيَةٌ آمَنُوا بِرَبِّهِمْ وَزِدْنَاهُمْ هُدًى، وَرَبَطْنَا عَلَى قُلُوبِهِمْ إِذْ قَامُوا فَقَالُوا رَبُّنَا رَبُّ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ لَن نَّدْعُوَ مِن دُونِهِ إِلَهًا لَقَدْ قُلْنَا إِذًا شَطَطًا﴾ الكهف -13،14-

www.alibapir.com

ئەم نامیلکـەیە

ئەم نامیلکەیە لە ئەسڵدا - بێجگە لە پێشەکی یە کەی- وتارێکە کە مانگی (5) ی (2006) لە (هۆڵی پێنجی ئازار) لەشاری (ڕانیە) لە کۆڕێك دا پێشکەش کراوە بە ناوونیشانی: ﴿**گەنجەکانمان لە نێوان ڕەسەنایەتیی و لاسایی کردنەوەدا**﴾ پاشان (محمد) ی کوڕم لەسەر کا سێتەوە هێناویە تە سەر کا غەز و (عبدالرحمن)یش تایپی کردوە، خوا سەلامەت وسەربەرزی دونیاو دوارِۆژیان بکات. دواییش بۆخۆم پێیدا چوومەتەوە و پێ شەکی یەکم بۆ نووسیوە و سەرەنجام بەم جۆرەی لیٚ هاتوە.

شایانی باسیشە ئەم نامیلکەیە لەم پێنج خاڵە پێکهاتوە:

یەکەم: پێناسەی گەنج و ڕەسەنایەتی و لاسایی کردنەوە:

کە بە کورتی و پوختی پێنا سەی هەرکام لە (گەنج) و (ڕەسەنایەتی) و (لاسایی کرنەوە) م کردوە.

دووەم: لەم خاڵی دووەمەدا ڕوو نمان کردۆ تەوە کە قۆ ناغی گەنجێتی لە تە مەنی مرۆ ڤدا قۆ ناغێکی زۆر گرنگ و هەستیارە و قۆناغی تێدا بنیات نرانی کەسایەتیی یە، هەر جۆرە کەسایەتیی (شخصیة) یەك، وە وەك بناغە وا یە بۆ قۆناغەکانی دیکەی تەمەن و ژیانی ئینسان.

www.alibapir.com

سێیەم: ڕەسەنایەتیی و بەهرە لە خەڵك وەرگرتن دوو شتی دژو پێچەوانەی یەكدی نین:

لەم خاڵی سێیەمەشدا ئەو ڕاستییەمان ڕوون كردۆتەوە كە ڕەسەنایەتیی (أصالة) نەك هیچ ناكۆكی و دژایەتی یەكی لەگەڵ بەهرە لە خەڵك وەرگرتن نیە، بەڵكو تەواو كەری یەكدیی شن و ڕەسەنایەتی داخوازی ئەوە دەكات كە بابای ڕەسەن (أصیل) یان میللەتی ڕەسەن هەوڵ بدات هەر خێر و چاكەیەكی دیكە كە لە لای خەڵكی هەیە و بۆ خۆی نیەتی وەدەستی بێ نێ و لە ڕووی سود و بەهرەمەندبوونەوە بیخاتە گەڵ ئەو خێر و چاكانەی كە هەینی و پارێز گاریی لێ یان كردوە، وە بە هیچ جۆر یێك: (پارێزگاریی لە چاكە و خێری خۆ كردن) ڕێگری (چاكە و خ یێری خەڵكی دیكە وەدەست خستن) نیە!

چوارەم: دیاردەی لاسایی‌كردنەوە لە چی یەوە سەرچاوە دەگرێ و هۆكارەكانی تەشەنە كردنی چین؟!

لەم خاڵەش دا تیشكمان خستۆتە سەر ماك و میكرۆب و هۆی سەرهەڵدانی دیاردەی لاسایی كردنەوە و پاشان هۆكارەكانی پەرە ستاندن و تەشەنە كرد نی ئەو نەخۆ شی یە فیكر یی و دەروونیی و كۆمەڵایەتی یە لە نێو بەشێك لە گەنج و لاوەكانماندا

www.alibapir.com

بەهەردووك ڕەگەزیانەوە و، سەرجەم هۆکارەکانی تە شەنەکردنی ئەو نەخۆشی یەمان لە نێو کۆمەڵگاکەمان دا بۆ سێ شتان گێڕاوەتەوە:

1. هەبوونی لاسایی کردنەوە لە ئاستی سەرەوەی سەرکردایەتی فیکریی و سیاسی دا.
2. کاریگەریی خراپی هۆیەکانی ڕاگەیاندنی لایەنە لائیکەکان.
3. هەبوونی بۆشایی فیکریی و ڕووحی لە نێو چینی گەنج و لاودا.

پێنجەم: چارەسەری نەخۆشی لا سایی کرد نەوە لە چی دا دەبینین؟!

لەم خاڵی پێنجەمیش دا باسی چۆنیەتی چارە سەر کرد نی ئەو نەخۆشی یەمان کردوە و لە سێ بڕگان دا خستوومانەتە ڕوو:

یەك: پەی بردن بەو ڕاستی یە کە فیکر و کلتوور (ثقافة) ی هەر گەل وکۆمەڵگایەك هەڵقوڵاوی د ین و عەق یدەو جیهان بینـــی یەتی، بۆیە بانگەشەکردن بەهەموو شێوەیەك بۆ وەرگرتنی فیکرو کلتووری گەل و کۆمەڵگایەك کە د ین و عەقیدە و جیهانبینیی لە هی ئێمە جیایە بێ ئەوەی مافی لە بێژین کدان و هەڵ سەنگاندن و پاك و پیس ل یك

www.alibapir.com

هەڵاواردنی بە خۆ مان بدەین، و ڕێای نا شەرعیی و گوناهبارییی، نامەنتیقی و عەیبداریشە!

دوو: باوەڕ و متمانە هەبوون بە ڕەسەنایەتی خۆ، چونكە بابایەك خۆی پێ پووچ و بێ ڕیشە و بێ ئە سڵ و فە سڵ بێ وەك پووش و پەڵاش و قانگەلۆشك بەدەم هەر پ شوە بایە كەوە دەچێ!

سێ: بنبڕ كردنی ئەو قەیران و كێشەو گرفتانەی كە پشوویان بە خەڵكەكەمان بە گشتی و بە تایبەت بە چینی گەنج سوار كردوە و یەكجار پەست و بێزاری كردوون. ئەو كێ شەو قەیرانانەی كە هێندە زۆر و جۆراو جۆرن ئەستەمە بگو نجێ بخرێنە ژێر پێناسە و ناوونیشانێكی دیاری كراوەوە، چونكە سەرجەم بوارەكانی: فیكر و عەقیدە و ئەخلاق و خ ێزان و حوكم و سیاسەت و دادوەریی و ئابووریی و ئاساییش و.... هتد یان گرتۆتەوە!

هیواداریشم ئەم نامیلكەیە ببێتە هۆی بەر چاو ڕوون یی ژمارە یەكی زۆر لە گەنج و تازە پێگەی شتووەكانمان و ڕەسەنایەتیی ڕەسەنەكان زیاتر و پتەوتر ب كات و بۆ ئەوا نەی دیكەش مایەی چارەسەر بێت.

www.alibapir.com

پێشــەکی

لە واقیعی ئەمڕۆی کورد ستان دا چینی گەنج و تازە پێگەیشتوومان بەگشتیی لە قەیرانێکی فیکر یی و ڕوو حی و ئەخلاقیی دا دەژی، لە سۆنگەی ئەو ڕێڕەوە هەڵەیەدا کە گرووپە سیکۆلاریستەکان گرتوویانەتە بەرو لە سیاسەت و ڕاگەیا ندنیان دا ڕەنگ دەداتەوە، کە بریتیە لە: (حا شاکردن لە ئیـ سلام و مسوڵمانەتیی و هەرشتێك کە بە سەرەداوێك دەچێتەوە سەریان و بە هەموو هـ ێز و توا ناوە ڕوو وەرگ ێڕان و وەر سوڕان بەرەو سیکۆلاریزم لە هەموو بوارەکانی ژیان و گوزەران دا و لا سایی کردنەوە و چاو لێکردنی هەرچی زیاتری ڕۆژئاوا)!!

جا شایانی باسە ئەو ڕێڕەو(ا تجاه)ەی سیکۆلاریزم ز یاتر کەسانێك لە پشتییەوەن و ئاڕا ستە (توجـ یە) ی دە کەن کە: تاڕاددەیەکی زۆر لە ئیـ سلام نە شارەزا و بێ ئا گان و بـ گرە هەندێکیان بیجگە لە قسەو ڕەخنەی دوژمن و ناحەزانی ئیـ سلام شتێکی دیکەی لە بارەوە نازانن و بە مانای وشە لەو بارەوە بە نەخوێندەوار (أمي) لە قەڵەم دەدرێن و سەرەنجام پەندی (الـ نـاس اعداء ما جهلوا) - خەڵکی دوژمنی شتێکن کە نایزانن - یان بەسەردا چەسپیوە!

www.alibapir.com

هۆی ئەو نە شارەزایی و بێ ئا گایی یەی ئەو جۆرە کەسانەش لە ئیسلام - کە هەر چۆن بێ ئایین و بەرنامەی گەل و کۆمەڵگاکەیانە و بۆتە بەشێکی هەرە گرنگ گەورەی مێژوو و ڕابردووی و هەوێن و هەناوی فیکر و فەرهەنگ و ئەدەب و کلتووری[1] - بە ڕای من ئەم چوار هۆکارەن:

یەکەم: پێگەیشتن و گەورە بوونیان لە جوغزیی واقیع و هەل و مەرجێکی دوور لە ئیسلام و مسوڵمانەتیی بە تایبەت ئەوانەیان کە ماوەیەکی زۆری ژیانیان لە ڕۆژئاوا بردۆتە سەر.

دووەم: هەر لە سەرەتاوە گیرۆدە بوون بە ڕەشبینی و نائومێدیی بەرامبەر بە ئیسلام و نەبوونی پاڵنەر و هاندەر بۆ هەوڵدان بۆ لێ تێگەیشتنی قورئان وسوننەت دوو سەرچاوەی ڕوون و بێ چەند و چوونی ئیسلام.

سێیەم: قیاس کردنی ئیسلام لەسەر واقیع و حاڵی شپرز و بەجێماوی مسوڵمانان و بە هەڵە واحاڵی بوون کە:

بارودۆخی وا شپرز و بێ سەرو بەری مسوڵمانان ڕەنگدانەوەی ئیسلامەو لەمەوە گەیشتنە ئەو ئەنجامگیریی یە

---

[1] کەواتە دەبوایە ئەگەر ئیمانیشیان پێی نەبێ هەر هەوڵیان دابایە شارەزای بن.

www.alibapir.com

كە: مادام مسوڵمانان بەهۆی شوێن كەوتنی دینەكەیانەوە بەو دەردە چوون، كەواتە دیارە دینەكەیان لە خودی خۆی دا ناتەواو و هەڵەیە! بەڵام بێگومان ئەو جۆرە بیر كردنەوە و ئەو قیاس كردنە لە بنەڕەتەوە هەڵەیە چونكە كاتێك واقیع و حاڵی كۆ مەڵێك دەكرێتە بەڵگەی ڕاستیی یان ناڕاستیی بەرنامەو ڕێبازەكەیان كە بە بەرنامە و ڕێبازەكەیانەوە پابەند بن و پەیڕەویی لێ بكەن و ئەو چی دەڵێ وابكەن، بەڵام لە كاتێك دا پێیەوە پابەند نەبن و بگرە ئەو چی گوتوە ئەوان پێ چەوانەكەی بكەن، ناگونجێ واقیعەكەیان بكرێتە بەڵگە لەسەر بەرنامە و ڕێبازەكەیان، ئایا پزیشكێك كە جگەرە دەكێشێ و شەڕاب دەخواتەوە دەكرێ ئەو ڕەفتارەی بكەینە بەڵگە لەسەر ناڕاستیی و بە كەڵك نەهاتوویی زانستی پزیشكی؟!

بێگومان نەخێر، دەجا بە هەمان شێوەش كاتێك ئیسلام فەرمان بە مسوڵمانان دەكات كەپێكەوە براو تەبا و یەكریز بن: ﴿وَاعْتَصِمُواْ بِحَبْلِ اللّهِ جَمِيعًا وَلاَ تَفَرَّقُواْ﴾ آل عمران -103-، وە دادگەریی بچەسپێنن و دژی ستەم بن: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ كُونُواْ قَوَّامِينَ بِالْقِسْطِ﴾ النساء -135-،... هتد. بەڵام ئەوان بە پێچەوانەوە ڕەفتار دەكەن و لە ئیسلام لادەدەن، بێگومان

خەتا لە ملی خۆیانە نەك دینەكەیان!!

چوارەم: قیاس كردنی ئیسلام لەسەر نەصرانییەتی ڕۆژئاوا كە كاتی خۆی بە دەستی كەنیسە و چینی ئەكلیرۆس و قەشەو پاپایەكانەوە بوو بووە مۆتەكەو ملۆزم بۆ خەڵك و جەماوەرو كۆسپ و لەمپەرێكی بێڕەزا بوو لەبەردەم گۆڕان و گەشە كردنی ژیان و گوزەران و مافو ئازادییەكانی خەڵك و جەماوەردا، هەر بۆیەش گەلێك جار گوێ بیستی هەندێك لە نووسەر و ڕۆشنبیرە سیكۆلاریستەكان دەبین دەڵێن:

ڕۆژئاوا كاتێك ژیانی گۆڕا و بەرەو پێش چوو و گەشەی كرد كە دەست بەرداری (دین) بوو، ئەگەر ئێمەش دەمانەوێ بگۆڕێین و بەرەو پێش بچین دەبێ وەك وان بكەین و دینەكەمان توورِ بدەین!!

بێ خەبەر لەوە كە (ئیسلام)ی ئێمەی مسوڵمان هێندەی ئاسمان و ڕێسمان لە (نەصرانییەت)[2] ی ئەوان دوور و جیاوازە،

[2] دیارە بەرنامەكانی خوا كە بەرنامەی عیسای مەسیحیش (علیه السلام) یەكێكیان بووە لە خودی خۆیاندا هەموویان ڕاست و تەواون، بەڵام دوایی هەموویان دەستكاری كراون و گۆڕاون جگە لە ئیسلام، چونكە ئیسلام دوایین بەرنامەی خوایە و بۆ سەرجەم مرۆڤایەتیش نێرراوە بۆیە خوای كاربەجێ لە گۆڕان و دەستكاری كرانی پاراستوە، وەك فەرموویەتی: ﴿إِنَّا نَحْنُ نَزَّلْنَا الذِّكْرَ وَإِنَّا لَهُ لَحَافِظُونَ﴾ الحجر -9-، واتە: ئێمە خۆمان قورئانمان ناردۆتە خوارێ و هەر خۆشمان پارێزەرینی.

www.alibapir.com

جا ئێمە بۆ سەلماندنی ئەو ڕاستی یە دەتوانین دوو جۆرە بەڵگان بێنینەوە:

یەکەم: واقیع و مێژووی مسولْمانان و خەڵکی وڵاتانی ڕۆژئاوا کە ڕاستەو ڕاست پێچەوانە و بەراوەژووی یەکدین!

چونکە ئەوان هەتا پەیرەویی یان لە ئایینە شێوێنراو و گۆڕاوەکەیان دەکرد بەجێماو و شپرز بوون و کاتێك دەستبەرداری بوون، لەو حاڵەی پێشوویان قوتار و دەرباز بوون -بە تایبەت لە بواری ژیان و گوزەرانی ماددی دا-.

بەڵام ئێمەی مسوڵمان بە پێچەوانەوە: هەتا دەستگرتوو بووین بە ئیسلامەوەو کەم و زۆر پەیڕەویی مان لە قورئان دەکرد، نەك هەر لە پێش خەڵکەوە بووین بەڵکو سەرقافڵەی کاروانی ژیان و شارستانێتی بووین لەسەر ئاستی دنیا و هەموو بوارەکانی: زانست ودادگەریی وچاکەکاریی و ئازادیی و سەماحەت و...هتد دا سەرمەشق بووین، بەڵام کاتێك لە ئیسلام دوور کەوتینەوەو بە ئیسلام نامۆ بووین، گلۆڵەمان کەوتە لێژی! ئەمەش ڕاستییەکی مێژوویی یە کە پێش مێژووزانە مسوڵمانەکان مێژوونووسانی نامسوڵمانی وەك: دراپەر و جۆلستهێر و ئادەم میتز و کارل برۆکلمان، دانیان پێدا هێناوە.

www.alibapir.com

دووەم: چەند دەقی قورئان و سوننەت کە بە ڕا شکاوی فەرمان دەکەن بە هەموو ئەو شتانەی دەبنە ما یەی بەخ تەوەریی تاك و کۆمەڵ و بەرەو پێشـ چوون و گە شەکردنی ژ یان و گوزەران، بۆ نموونە ئەمانە چەند دەقێ کی قور ئانن لەو بارەوە:

یەك : لە بارەی بیر کرد نەوەو بەکارهێنانی عەق ڵەوە بۆ دۆزینەوەی نهێنیەکانی بوونەوەر:

1- ﴿أَوَلَمْ يَنظُرُواْ فِي مَلَكُوتِ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ وَمَا خَلَقَ اللّهُ مِن شَيْءٍ﴾ الأ عراف -185-، وا تە: ئەوە سەرنجیان نەداوە تە مولْکی ئاسما نەکان و زەوی و هەرشتێك کە خوا دروستی کردوە!

2- ﴿فَلْيَنظُرِ الْإِنسَانُ مِمَّ خُلِقَ﴾ الطارق -5-، واتە: دە با مرۆڤ تەماشا بکات لە چی دروست کراوە!

3- ﴿فَلْيَنظُرِ الْإِنسَانُ إِلَى طَعَامِهِ﴾ عبس -24-، واتە: دە با مرۆڤ بڕوانێتە خواردنەکەی.

دوو : لە بارەی ڕێزگرتنی تایبەتەوە لە زانا و پسپۆڕان:

1- ﴿يَرْفَعِ اللَّهُ الَّذِينَ آمَنُوا مِنكُمْ وَالَّذِينَ أُوتُوا الْعِلْمَ دَرَجَاتٍ﴾ المجادلة -11-

www.alibapir.com

واتە: خوا ئەوانەتان كە ئیمانیان هێناوە بەرزیان دەكاتەوە و ئەوانەش كە زانیاریی یان پێدراوە چەندان پلە (بەرزیان دەكاتەوە).

2- ﴿قُلْ هَلْ يَسْتَوِي الَّذِينَ يَعْلَمُونَ وَالَّذِينَ لَا يَعْلَمُونَ إِنَّمَا يَتَذَكَّرُ أُولُوا الْأَلْبَابِ﴾ الزمر -9-، واتە: بڵێ ئایا ئەوانەی دەزانن و ئەوانەی نازانن یەكسانن؟ بێگومان تەنها خاوەن عەقڵان بیر دەكەنەوە و پەند وەردەگرن.

3- ﴿فَاسْأَلُواْ أَهْلَ الذِّكْرِ إِن كُنتُمْ لاَ تَعْلَمُونَ﴾ النحل -43-، واتە: دە جا لە زانایان بپرسن ئەگەر نازانن.

سێ: لە بارەی چەسپاندنی دادگەرییەوە لە هەموو بوارەكانی ژیاندا:

1- ﴿لَقَدْ أَرْسَلْنَا رُسُلَنَا بِالْبَيِّنَاتِ وَأَنزَلْنَا مَعَهُمُ الْكِتَابَ وَ الْمِيزَانَ لِيَقُومَ النَّاسُ بِالْقِسْطِ..﴾ الحديد -25-، واتە: بێگومان پێغەمبەرانی خۆمانمان بە بەڵگەوە ناردوە و كتێب و تەرازووشمان لەگەڵ ناردوون تاكو خەڵكی بە دادگەریی بەڕێوە بچن.

2- ﴿وَإِذَا قُلْتُمْ فَاعْدِلُواْ وَلَوْ كَانَ ذَا قُرْبَى..﴾ الأنعام -152-، واتە: وە ئەگەر قسەتان كرد با بابای قسە لەسەر كراو

www.alibapir.com

خزمیش بێ، دادگەربن.

3- ﴿..**وَأُمِرْتُ لِأَعْدِلَ بَيْنَكُمُ**﴾ الشورى -15-، واتە: وە فەرمانم پێكراوە كە دادگەرییتان لە نێواندا بكەم.

4- ﴿**لاتَظْلِمُونَ وَلاَ تُظْلَمُونَ**﴾ البقرة -279-، واتە: نە ستەم بكەن و نە ستەمیش قبووڵ بكەن.

5- ﴿..**وَلاَ يَجْرِمَنَّكُمْ شَنَآنُ قَوْمٍ عَلَى أَلاَّ تَعْدِلُواْ اعْدِلُواْ هُوَ أَقْرَبُ لِلتَّقْوَى**﴾ المائدة -8-، واتە: با ڕق بوونتان لە كۆمەڵێك واتان لێ نەكات كە دادگەر نەبن، دادگەر بن ئەوە لە پارێزكاریی یەوە نزیكترە.

چوارەم: لە بارەی كار و بار بەڕێوە بردنی وڵات سپاردن بە خەڵكی شایستە و حوكم كردن لە نێوان خەڵكی دا بە شێوەیەكی دادگەرانە و كارو بار بەڕێوە بردن لەسەر بناغەی ڕاوێژ:

1- ﴿**إِنَّ اللّهَ يَأْمُرُكُمْ أَن تُؤدُّواْ الأَمَانَاتِ إِلَى أَهْلِهَا وَإِذَا حَكَمْتُم بَيْنَ النَّاسِ أَن تَحْكُمُواْ بِالْعَدْلِ..**﴾ النساء -58-، واتە: خوا بە تەئكید فەرمانتان پێ دەكات كە سپاردەكان بە خەڵكی شایستەی خۆیان بسپێرن، وە هەر كات حوكمتان كرد بە دادگەریی حوكم بكەن.

www.alibapir.com

2- ﴿..وَالَّذِينَ اسْتَجَابُوا لِرَبِّهِمْ وَأَقَامُوا الصَّلَاةَ وَأَمْرُهُمْ شُورَى بَيْنَهُمْ وَمِمَّا رَزَقْنَاهُمْ يُنفِقُونَ﴾ الشورى -38-،

واتە: وە ئەوانەی وەڵامی پەروەردگاریان داوەتەوە و نوێژیان بەرپا كردوە و كار و باریان بە ڕاوێژە لە نێو خۆیاندا و لەوەی پێمان داون دەبەخشن.

3- ﴿..وَشَاوِرْهُمْ فِي الأَمْرِ..﴾ آل عمران -159-، واتە: وە لە كار و بار بەڕێوە بردن دا ڕاوێژیان پێ بكە.

كەواتە:

ئایا دەگونجێ ئیسلامێكی ئاوا كە فەرمان دەكات بە بەكارهێنانی عەقڵ و هۆش بۆ دۆزینەوە و پەی پێ بردنی نهێنی یەكانی بوونەوەر و یاساكان (سُنَن)ی خوا سبحانه وتعالی كە كارو باری كائیناتیان پێ بەڕێوە دەبات و، فەرمان دەكات بۆ گەڕانەوە بۆ لای زانا و پسپۆڕان و شارەزایان لە هەموو بوارەكان دا و، بە ڕاشكاوی ڕایدەگەیەنێ كە خوای گەورە ڕێزی تایبەتی لە زانایان دەگرێ بە چەندان پلە بەسەر خەڵكی دیكە دا بەرزیان دەكاتەوە و، ڕوونی دەكاتەوە كە خوا جلّ شأنه تێكڕای پێغەمبەرانی خۆی (علیهم الصلاة والسلام) بۆ ئەوە بە كتێب و تەرازووەوە ڕەوانە كردوە كە خەڵكی بە دادگەریی بەڕێوە بچن و

www.alibapir.com

دادگەریی لە ژیانیان دا بچەسپێنن لە هەموو بوارە کان دا و تەنانەت لەگەڵ دوژمن و ناحەزانی شیان دا و، فەرمانیان پێ دەکات کە ئەمانەتی بەرپرسێتی و کارو باری وڵات بەڕێوە بردن بە خەڵکی شایستە بسپێرن و، هەموو ئیش و کارێک یان لەسەرجەم بوارەکانی ژیان و گوزەرانی دینداریی و دنیا داریی یان دا لەسەر بناغەی ڕاوێژ (شوری) بەڕێوە بەرن و...هتد.

بەڵێ ئایا ئیسلامێکی ئاوا دەگونجێ بووبێت و ببێتە ما یەی بە جێمان و حاڵ تێکچوونی مسوڵمانان، وەك چۆن کاتی خۆی ئایینی تێکدراو و شێوێنراوی مە سیح علـیە الـ سلام خەڵکی ئەورووپا و ڕۆژئاوای دووچاری بە جێمان و ماڵوێرانی کردبوو، لە سۆنگەی ئەوەوە کە لەگەڵ نەزانیی (جَهل) و دژی زانست بوو، پشتگیریی زوڵم و ستەمی ئابووریی و سیا سی و کۆ مەڵاتیی دەکرد و دژی ئازادیی و مافەکانی خەڵك و جەماوەر بوو و، لایەنگیریی حوکمی تاکیی و دیکتاتۆریی دەکرد و دژی حی ساب بۆ ڕاو ئیرادەی جەماوەر کردن بوو...هتد؟!

بێگومان نەخێر، چونکە وەك تۆز ێك تێ شکمان خستە سەر ئیسلام و نەصرانییەت وەك دەڵێن: هەرخوایان یەکە و یەکجار لە یەك دوور و ج یاوازن، ئەوەش کە هەرکام لە ئی سلام و

www.alibapir.com

مەسیحییەت یان (قورئان) و (ئینجیل) لەئەسڵدا لە لایەن خوای کاربەجێوە هاتوون ناگونجێ بکرێتە بەڵگەی وەك یەك بوون و لە یەك چوونیان، ئا یا دە کرێ بڵێین: هەرکام لە سیستەمی حوکمڕانیی دیموکراسیی و سیستەمی حوکمڕانیی دیکتاتۆریی وەك یەکن چونکە هەردووکیان زادەو بەر هەمی بیر و هۆشی مرۆڤن؟! بێگومان نەخێر، دەجا ئیسلام و نە صرانییەتیش بە هەمان شێوە لە ئەصڵدا ئاسمانیی بوون و لە لایەن خواوە هاتنیان بەڵگەی وەك یەك بوون و یەکسان بوون بگرە لە یەکچوونیشیان نییە، چونکە:

یەك: ئینجیل و بەرنامەکەی (عیسی) علیه السلام هەر لە ئەسڵیش دا بۆ گەل و کۆمەڵگا و قۆناغێکی تایبەت و دیاری کراو نێررابوو، کەگەل و کۆمەڵگای (بنی إسرائیل)ە لە قۆناغی پێش ڕەوانەکرانی (محمد) پێغەمبەریکۆتایی دا صلی الله علیه و سلم، وەك خوا تبارك وتعالی لەو بارەوە فەرمویەتی: ﴿ **وَإِذْ قَالَ عِيسَى ابْنُ مَرْيَمَ يَا بَنِي إِسْرَائِيلَ إِنِّي رَسُولُ اللَّهِ إِلَيْكُم...** ﴾ الصف-6-

www.alibapir.com

واتە: وە کاتێك عیسای کوڕی مەریەم گوتی: ئەی وەچەی[3] ئیسرائیل من ڕەوانەکراوی خوام بۆ لای ئێوە..

کەواتە:

شتێکی ئاسایی یە کە ئایین و بەرنامەی عیسا (علیە الصلاة والسلام) بێجگە لە نەتەوەی ئیسرائیل وئەو قۆناغ و هەل و مەرجە کەتێیدا ژیاون، بۆ خەڵك و قۆناغێکی دیکە نەگوجێ، وەك لە واقیعیش دانەگونجاوە و ناشگونجێ!

دوو: ئەنجا سەربارەی ئەوەش (ئینجیل) وە ئایینەکەی عیسا علیە السلام پاش خۆی گۆڕاو دەستکاریش کرا وەك سەرجەم مێژوونووسان دەزانن و دانیان پێدا هێناوە و خوای زانا و پەنهانبینیش هەواڵی پێداوین و فەرمووییەتی: ﴿ **وَمِنَ الَّذِينَ قَالُوٓاْ إِنَّا نَصَارَىٰٓ أَخَذۡنَا مِيثَٰقَهُمۡ فَنَسُواْ حَظّٗا مِّمَّا ذُكِّرُواْ بِهِۦ...**﴾ المائدة -14- واتە: وە ئەوانەی گوتیان: ئێمە نەصرانین پەیمانێکی پتەومان وەرگرت - کە دینداریی ڕاستەقینە بکەن- کە چی بە شێکیان لەوەی کە پێی

[3] (إسرائيل) نازناوی (يعقوب) پێغەمبەرە صلى الله عليە و سلم کەواتە: (بني إسرائيل) یانی وەچە و نەتەوەیەك کە لە (يعقوب) پەیدا بوونە.

www.alibapir.com

ڕاسپێررابوون فەرامۆش کرد و پشت گوێ خست...

بۆیە ئەگەر پێشتر کتێب و بەنامەکەی عیسا علیه السلام لەبەر تایبەت بوونی بە کات و شوێن و کۆمەڵگا یەکی دیاریکراوەوە، بۆ ڕێکخستنی ژیان و گوزەرانی خەڵکی دی کە نەدەگونجا، ئەو جارە هۆکارێکی دیکەش سەری هەڵدا بۆ زیاتر نەگونجانی کە بریتیە لە گۆڕان و شێوێنرانی[4]!

بەڵام قورئان و ئیسلامی (محمد) صلى الله عليه و سلم بە پێچەوانەوە: هەم لە ئەسڵدا بۆ سەرجەم مرۆڤایەتیی نێرراوە بە درێژایی زەمان و بە پانایی زەمین، وەك خوای کاربەجێ فەرموویەتی:

﴿وَمَا أَرْسَلْنَاكَ إِلَّا كَافَّةً لِّلنَّاسِ بَشِيرًا وَنَذِيرًا﴾ سبأ -28-.

واتە: وە تۆمان ڕەوانە کردوە مەگەر بۆ تێکڕای خەڵکی مژدەدەر و ترسێنەر بی..

---

(4) هەر لێرەشەوە دەزانین ئەو کوردانەی گوایە بە دوای هیدایەت دا دەگەڕێن و دەبنە نەصرانیی چەند داماو و بەجێماو و هەڵخەڵەتاون کە دەکەونە شوێن دینێکی لە ئەسڵ دا بۆ ئێستاو ئێمە نەهاتووی گۆڕراو و هیچ بەسەر هیچەوە نەماو ! ئەمە ئەگەر بەدوای (دین) دا بگەڕێن، بەڵام ئەگەر عەودالی ژیین بن ئەوە دیارە شتێکیان چنگ دەکەوێ، بەڵام بێگومان زۆر کەمتر و گچکەترە لە ئابڕوو چوونی دنیا و دواڕۆژ !!

www.alibapir.com

هەروەها فەرموویەتی: ﴿**قُلْ يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنِّي رَسُولُ اللّهِ إِلَيْكُمْ جَمِيعًا**﴾ الأعراف-158- واتە: ئەی موحەممەد! بڵێ: ئەی خەڵکینە! من ڕەوانە کراوی خوام بۆ لاتان بە تێکڕایی...

وەهەم خوای باڵادەست پاراستوو شیەتی لە گۆڕران و دەستکاری کران وەك فەرموویەتی: ﴿**إِنَّا نَحْنُ نَزَّلْنَا الذِّكْرَ وَإِنَّا لَهُ لَحَافِظُونَ**﴾ الحجر -9-، هەر بۆیەش زۆر شتێکی ئاسایی و مەنتیقی و چاوەڕوان کراوە کە قورئان و ئیسلامی لە گۆڕران و دەستکاری کران پارێزراو بۆ سەرجەم بەشەر نێرراوە بتوانێ وەلامگۆی هەموو پرسیارەکانی ژیان و گوزەرانی مرۆڤ بێت و چارەسەری تێڕای گرفت وکێشەکانی بکات!

ئێستاش کە هەتا ڕاددەیەك تیشکمان خستەسەر هۆکارەکانی بێئاگایی و نەشارەزایی ئەو گروپ و تاقمە سیکۆلاریستانەی گەنجەکانمان بەرەو بێ دینایەتی و لاسایی کردنەوەی کوێرانەی بێگانەو نەیارانی دین دەبەن، دەربارەی ئیسلام و، ڕوونیشمان کردەوە کە ڕەشبینییەکەیان بەرانبەر بە ئیسلام جگەلە نەزانین و بێ ئاگایی هیچ بەڵگە و پاساوێکی دیکەی نییە، بە ئاراستە کردنی چەند پرسیارێك کۆتایی بەم پێشەکییە دێنین:

www.alibapir.com

1- ئایا تاوانێكی یەكجار گەورە نی یە كە لەژێر هەر پەردەیەكەوە بێ و بە بیانووی بەرەو پێش بردنی ژیان و گوزەرانی خەڵكی یەوە، هەر بە پارەو خێر و بێر و واریداتی ئەم وڵاتە خەڵكی ئەم وڵاتە بە تایبەت گەنج و لاوەكان بەرەو بێ دینایەتیی ببرێن و لە ئیسلام و قورئان و پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم دوور وەخرێن!!

2- ئایا ژیان و گوزەرانی میللەتەكەمان چۆن بەرەو پێش دەچێ لە حاڵێكدا كە گەنج و لاوەكانمان بە كوڕ و كچەوە لە جیاتی عیلم و صەنعەت و ئەدب و ڕەوشتی بەرز و جوان بۆ سەرخۆشیی و بێ هۆشیی و تێكەڵی و لاسایی كردنەوەی ئەملاولا هان دەدرێن؟! مەگەر میللەتان بە هۆشیاریی و ئاگایی بەرەو پێش چوون و دەچن، یان بە سەرخۆشیی و بێ هۆشیی و لاسایی كردنەوە؟!!

3- ئایا ئەو دروشم و شیعارە زریق و بریقانەی ڕێڕەوی عەلمانیی بەرزیان دەكاتەوە وەك: دادگەریی، دیموكراسی، مافی مرۆڤ، ئازادیی، كۆمەڵگای مەدەنیی... هتد، بە كردەوە بەرجەستەیان كردوون و دەكەن، یان زیاتر وەك كراسی

www.alibapir.com

عوسمان و چاوپێچکێك بەکاریان دێنن؟!!

ئەگەر بۆ پراکتیزە کردنی ئەو دروشمانە کار دەکەن پێویستە ڕۆژ بۆ ڕۆژی قڕیی و پڕیی و ستەم و زۆر و هەموو شتێك بۆ حیزب قۆرخ کردن و نەفەس بە خەڵك تەنگ کردن و مافی مرۆڤ پێشێل کردن و... هتد، کەم ببێتەوە نەك بە پێچەوانەوە لە زیاد بوون دابێ و جەماوەر ڕۆژ بۆ ڕۆژێ بێزارتر و تورەتر بێ و دڵساردتر و نائومێدتر بێ؟!!

4- ئایا کەسێك خۆی بە دڵسۆزی گەل و میللەتی بزانێ نابێ بەتەنگ دین و کلتوور و فەرهەنگ و ڕەوشتییەوە بێ؟! کەواتە نابێ خەڵکی دڵسۆز دژایەتی ئیسلام و ئەو کلتوور و فەرهەنگ و ڕەوشت و ئادابەی لێیەوە سەر چاوەی گرتوە بکات، چونکە لەگەڵ دەعوای دڵسۆزیی و بەتەنگەوە بوون دا یەك ناگرێتەوە؟!!

5- ئایا ئیسلام ومسوڵمانەتیی چ ڕێیەکی لە ئاوەدانیی وڵات و بەرەو پێش بردنی ژیان و گوزەرانی خەڵکی گرتوە؟! ئایا یابانیی و چینیی یەکان ئێستاش لەگەڵ دا بێ هەر بت پەرست و (بوذا) پەرست نین لەگەڵ ئەوەش دا خەریکن لە

www.alibapir.com

تەکنۆلۆژیای مەدەنیی دا پێش ئەورووپاو ئەمریکاش دەکەونەوە؟!

ئنجا ئەگەر بتپەرستیی وان ڕێ لە بەرەوپێش چوونیان نەگرێ، چۆن چۆنی خواپەرستیی ئێمەی مسوڵمان ڕێمان لێ دەگرێ لە حاڵێکدا کە بتپەرستیی نزمترین فیکرە و خواپەرستیی بەرزترین فیکرەیە؟!!

6- ئایا دەمڕاستانی ڕێڕەوی سیکۆلاریزم بیریان لەوە کردۆتەوە کە دژایەتیی کردنی ئیسلام و مسوڵمانەتیی و ڕەواج پێدانی بێدینایەتیی و بەرهەمە ژەهراوەییەکانی، کە مەیخۆریی و قومار و بەرهەڵدایی و بێ دادی و داوێن پیسیی و ئاژاوە گێڕیی، هەندێکیانن، گەورەترین مەترسیی هەیە بۆ ئاسایشی نەتەوەیی (الأمن القومي) میللەتەکەمان؟! چونکە بێگومان گەل و میللەتێك گەنج و لاوەکانی بە شێوەیەکی بەرهەڵدایی و بێ یاسایی بە غەریزەکانی خۆیەوە سەرگەرم کرابێ و خواو خەڵك و قیامەتی لە بیر برابێ، لە کاتی تەنگانە و لێقەوماندا و لە مەیدانی دیفاع و بەرگریی دا هیچ چاوەڕوانی یەکی لێ ناکرێ!!

www.alibapir.com

کەواتە:

ئایا جێی خۆی نییە دەمڕاستانی ڕێرەوی عەلمانییەت ئەگەر لەبەر خوا و خەڵکیش نەبێ هەر لەبەر خۆیان و، ئەگەر لەبەر دوارۆژ و دینیش نەبێ هەر لەبەر (ژین) یان، زیاتر هەوڵی تێگەیشتن لە ئیسلام بدەن و چی دیکە گەنج و لاوەکانمان بەدەردی کوشندەی لاسایی کردنەوەوە گرفتار نەکەن؟!!

21 ی جەمادی یەکەمی 1427 ك
17 ی حوزەیرانی 2006 ز
هەولێر

www.alibapir.com

www.alibapir.com

دەقی وتارەکــە

بِسْمِ اللّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ
الحمد لله رَّبِ العالَمينَ والصَلاةُ والسلامُ عَلى النَبــيِّ الأمين محمدٍ المَبعوثِ لِلعالَمينَ والِهِ وَصَحبِهِ أجمَعينَ وَمَن إهتَدَى بِهَديهِم وَسارَ بِسيرَتِهِم بِإِحسانٍ إلى يَومِ الدين

بەڕێزان و خۆشەویستان!

خۆشحاڵم بە دیداری هەموو لایەکتان لەم ئێوارە کۆڕەمادا، ئەو بابەتەی کە بە پێویستم زانی پێشکەشی ئێوەی بەڕێزی بکەم، ناونیشانەکەی بەو شێوەیەیە:

((گەنجەکانمان لە نێوان ڕەسەنایەتیی و لاسایی کردنەوەدا))

هەموو لایەك دەزانین کە ئەمڕۆ میللەتی ئێمە لەم بەشەی کوردستاندا خوای پەروەردگار لە زۆر ڕووەوە دەرووی خێری لێکردۆتەوە و ئاوڕی بە خێری لێداوەتەوە، ئەوە بۆ ماوەی

www.alibapir.com

پازدە(15)[6] ساڵێکە خوای بەخشەر کابووسی ڕە شی ڕژێ مى بەعسی لەسەر سینگمان لابردووە، وە لە ولا تی خۆ مان تا ڕاددەیەك خاوەنی ئیرادە و ئیدارەی خۆمان بووین.

گومانیشی تێدا نییە کە ئاینده و داهاتووی هەر میل لەتێك بەستراوەتەوە بە چینی گەنج و تازە پێگەی شتوویەوە و هەر میللەتێك گەنج و لاوەکانی ڕوو لە خێر بن دیارە ئەو میللەتەش ڕوو لە خێرەو ئەگەر خوا نەکردە گەنج و لاوەکانی ڕوو لە شەڕ بن دیارە ئەو میللەتە ڕوو لە شەڕ و نەهامەتیی و بێ خێریی یە، جا لە نێو میللەتی ئێمەش دا گەنجەکانمان -بە هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ- وە، ئەگەر بە وردی سەرنج بدەین لە دوو حا ڵەت دا دەبینین:

حاڵەتێك کە بەشێك لە گەنجەکانمان - بە کوڕ و ک چەوە- بەرجەستەی دەکەن، کە بریتیە لە (ڕەسەنایەتیی)، وە دەیا نەوێ پابەند بن بە ئیمان و عەقیدە و کل توور و ڕا بردووی ئی جابیی میللەتەکەیانەوە و چ شتێکی چاکی دیکەش هەیە لە خەڵکی دیکەی وەربگرن و بیخەنە سەر ئەو خاڵە ئی جابیی یا نەی کە میللەتەکەیان لەوەو پێش لەسەریان بوون.

[6] لە ساڵی (1991) ەوە.

www.alibapir.com

حاڵەتی دووەمیش بریتیە لە دیاردەیەك كە بەشێك لە گەنج و لاوەكانمان پێیەوە گیرۆدە بوون كە بریتیە لە (لاسایی كردنەوە) و كۆمەڵێك لە گەنج و لاوەكانمان ئەگەر سەرنجیان بدەی ئەوەیان لێ دەخوێنیتەوە، كە بڕیاریان دا بێ زەرب (×) بە سەر ڕا بردووی خۆیاندا بێنن و ڕەگ و ڕیشەی ڕا بردووی خۆیان ب ڕقرتێنن و جارێكی دی لە سفرەوە دەست پێ بكەنەوە!! كە بە تەئكید ئەو حاڵەت و دیاردەیە نەخۆشی یەكی ترسناك و كوشندەیە!

جا من لێرە بۆتان باسی ئەو دوو حاڵەت و دیاردەیە دەكەم بە شێوەیەكی تێكهەڵكێشی، وە هەوڵ دەدەم لە پێنج خاڵدا بابەتەكەم كورت بكەمەوە كە ئەمانەن:

1- پێناسەی: گەنج، ڕەسەنایەتیی، لاسایی كردنەوە.
2- گرنگیی قۆناغی گەنجێتیی لە تەمەنی ئینساندا.
3- ڕەسەنایەتیی و بەهرە وەرگرتن لە خەڵك دوو شتی دژ بە یەك نین بەڵكو تەواوكەری یەكدین.
4- هۆكارەكانی پەیدا بوونی دیاردەی لاسایی كردنەوە و تەشەنە كردنی لە نێو كۆمەڵگاكەماندا.
5- چارەسەری دیاردەی لاسایی كردنەوە.

www.alibapir.com

(1) پێناسەی گەنج و ڕەسەنایەتیی و لاسایی کردنەوە:

یەکەم: پێناسەی گەنج:

بە کەسێك دەگوترێ گەنج کە لە سەرووی تەمەنی باڵغ بوونەوە بێ، هەندێکیش هەر لە قۆناغی هەرزەکاریی یەوە و شەی (گەنج)ی بۆ بەکاردێنن، تاکو قۆناغی پێش تەمەنی (40) چل ساڵی یان چەند ساڵێك دوای (40) ساڵیش.

جا ئینسانی گەنج، یاخود ئینسان لە تەمەنی لاوێتیدا چەند تایبەتمەندیی یەکی هەیە کە کەمتر وایە ئەو تایبەتمەندیی یانە لە قۆناغەکانی دیکە دا هەبن:

1-یەکێك لەوانە بریتیە لەوەی کە ئینسانی گەنج زەینی ڕوونترەو توانای وەرگرتنی شتی تازە و بیر و باوەڕ و بۆچوون و زانیاریی تازەی زیاترە، جا چ بە باری شەڕ دا بێ چ بە باری خێر دا بێ، واتە گەنج زیاتر قابیلیەتی گۆڕانکاریی تێدایە.

2- یەکێکی دی لە تایبەتمەندیی یەکانی گەنج ئەوەیە کە گەنج ڕووحی پاکترە و بیرو هۆشی ئازادترە، چونکە جارێ پەروەردەو پەیوەندیی یە کۆمەڵایەتیی یەکان نەیان بەستۆتەوە ودەست و پێ یان گرێ نەداوە.

www.alibapir.com

3- هەروەها گەنج ڕووح و گیانی فیدا کاریی و خەباتکردنی زیاترە هەر بۆیەش ئەوانەی کە بەرگریی لە خاك و نیشتیمانی خۆیان دەکەن و بەرهەڵستی دوژمن و داگیرکەر دەکەن بەزۆری لە چینی گەنجانن -شتێکی ڕوون و ئاشکرایە کە سەربازی کردن لە تافی گەنجێتی دایە-

4- یەکێکی دیکە لە تایبەتمەندیی یەکانی گەنج ئەوە یە کە بوێریی و جورئەت و حەق بێژیی تێدا زیاترە، بەڵام ئەوە بە مانای ئەوە نییە کە دوای ئەوەی ئینسان دەکەوێتە تەمەنی کامڵ بوونەوە، ئەو تایبەتمەندیی یانەی تێدا نامێنن!! نەخێر بەڵام بێگومان ئەو تایبەتمەندیی یانە لە گەنج دا بە شێوەیەکی ئاشکراتر و زەقتر دیارن.

دووەم: پێناسەی ڕەسەنایەتیی:

بە کورتی مەبەستمان لە ڕەسەنایەتیی ئەوەیەکە ئینسان پارێزگاریی بکات لە ڕابردووی خۆی، بە مەرجێك ڕابردوو شتێکی باش بێت، جا ئەگەر بیر و باوەڕێکی ڕاستت هەبووە، ئەگەر ڕەوشتێکی چاکت هەبووە، یاخود کلتوور و فەرهەنگ و چەند ئەدەب و نەریتێکی باشت بووە، یان ئەگەر کۆمەڵێك

www.alibapir.com

سەروەریی باشت بووە لە مێژووتدا...هتد، ئەوانە پارێزگاریی لێ بکەی و شانازیی یان پێوە بکەی، کەواتە ڕەسەنایەتیی یانی: ڕێز گرتن لە شتە چاکەکان و سەروەریی یەکانی خۆت لە ڕابردوو دا و بەکەم تەماشایان نەکەی، جا بە تەئکید ڕەسەنایەتیی پێویستە بۆ هەر گەل و میللەتێك کە دەیەوێ بمێنێتەوە و بژی، چونکە هەر کەسێك شانازیی بە ڕابردووی خۆیەوە نەکات و هەر کەسێك ڕێز و تەقدیری نەبێت بۆ ڕابردووی خۆی و بۆ ئەو سەروەریی یانەی کە باب و باپیرانی تۆماریان کردوون، مانای وایە خۆی بێ ئەسڵ و بنچەکە و بێ ڕیشە دردێنێ، چونکە:

(هەر کەسێك دوێنێی نەبێ ئەمڕۆشی نابێ و، هەر کەسێکیش ئەمڕۆی نەبێ سبەینێشی نابێ)

سێ یەم: پێناسەی لاسایی کردنەوە:

مەبەستمان لە لاسایی کرنەوە ئەوە نییە کە شتی چاك لە خەڵك وەربگرین، چونکە (تَقلید) لە بنەڕەتدا وشەیەکی عەرەبی یەو لە (قِلادَة) ەوە هاتوە، (قِلادة) ش بەو ڕیشمەیە دەگوترێ کە خراوەتە ملی ئاژەڵ بۆ ئەوەی پێی ڕابکێشن، (قَلَّدوه) یانی شتێکیان لە گەردن کرد (مُقَلِّد) یش، بە کەسێك دەگوترێ کە

www.alibapir.com

قسە یاخود عادەت و کلتووری بابای لاسایی کراوەی کرۆتە ملی خۆی و بە کوێرانە و چاو نووقاوی بە دوای دەکەوێ.

کەواتە: لاسایی کردنەوە (تَقلید) شتێکی (مذموم) ە، هەر بۆیەش خوای گەورە لە چەند شوێنێك لە قورئانی بەرێزی خۆیدا رەخنەی گرتوە لەو کافر و بێ بڕوایانەی کە کاتێك پێغەمبەران علیهم الصلاة والسلام بانگی حەقیان بە گوێ داداون، کافرەکان پاساویان بەوە هێناوەتەوە کە لەسەر ڕێچەی باو باپیرانیان دەڕۆن بۆیە گوێڕایەڵی خوا و پێغەمبەرانی خوا ناکەن (علیهم الصلاة و السلام) وەك خوای بەرز و مەزن دەفەرموێ: ﴿**بَلْ قَالُوا إِنَّا وَجَدْنَا آبَاءَنَا عَلَى أُمَّةٍ وَإِنَّا عَلَى آثَارِهِم مُّهْتَدُونَ**﴾ الزخرف -22-، واتە: بەڵکو کافرەکان گوتیان: ئێمە باب و باپیرانمان لە سەر ڕێچکەیەك بینیوە، وە ئێمەش هەر بە دوای شوێنەواری وان دا دەڕۆین.

خوای کاربەجێش بۆ پووچ کردنەوەی ئەو جۆرە مەنتیقە فەرموویەتی: ﴿**أَوَلَوْ كَانَ آبَاؤُهُمْ لاَ يَعْلَمُونَ شَيْئًا وَلاَ يَهْتَدُونَ**﴾ المائدة -104-، واتە: ئەدی ئەگەر هات و باب و باپیرانیان هیچیان نەزانیبێ و شارەزا نەبووبن - دەگونجێ هەر شوێنیان بکەون؟! -.

www.alibapir.com

كەواتە: ئەتۆ دەبێ بە دوای پێشین و باب و باپیری خۆت بكەوی لە شتی باش دا، بەڵام لە شتی خراپ دا چ باب و باپیری خۆت چ هەر كەسێكی دیكە ئەگەر چاوی لێ بكەی و لاسایی بكەیەوە ئەوە لە ڕاستی دا ئەو هەڵوێست و ڕەفتارەت بریتیە لە جۆرێك لە بەجێ ماویی و متمانە بە خۆ نەكردن و خۆ دۆڕاندن و خۆ لەلا بێ بایەخ بوون! ئنجا لاسایی كردنەوە لە زۆر بوارا ندا بەرجەستە دەبێ:لە بواری فیكر و عەقیدە دا،لە بواری ئەخلاق و ڕەوشت و عادات و نەریت دا، لە بواری كۆمەڵایەتیی و سیاسی دا...

بۆیە هەر كەسێك یاخود هەر لایەنێك و كۆمەڵێك و میللەتێك بەبێ قەید و شەرت خۆی تەسلیمی كەسێك، لایەنێك، میللەتێكی كرد وە عادات و نەریتەكانی یان فیكر و بەرنامەكەی، یان ئەخلاق و ڕەوشتەكانی ئەوی وەرگرت، بە بێ ئەوەی لێی ورد بێتەوە و سەرنج بدا داخۆ چەندی بە كەڵك دێ و چەندی بە كەڵك نایەت، یان چەندی بۆ ئەو شیاوە بەڵام بۆ ئەم ناشێت!! ئەوە بەو كەسە یان لایەنە یان میللەتە دە گوترێ: لاسایی كەرەوە (مُقَلِّد) یاخود شوێن كەوتووی كوێرانە.

www.alibapir.com

(2) گرنگی قۆناغی گەنجێتی و لاوێتی :

شتێكی ڕوون و ئاشكرایە كە ئینسان لە تەمەنی لاوێتیی دا - وەك پێشتر ئاماژەم پێ كرد - كۆمەڵێك ئیمتیاز و سیفاتی هەیە یارمەتیی دەدەن تاكو بتوانێ سەرەتایەكی چاك یاخود خراپ بۆ كەسایەتیی (شخصیة) خۆی دابڕێژێ، وە لەڕاستی دا ئەوانەی كە لە مێژووی بەشەرییەت دا بە باری خێر و چاكە دا یاخود بە باری شەڕ و خراپە دا گۆڕانكاریی یان كردوە، هەر لە چینی گەنجانەوە دەستیان پێ كردوە، بۆ نموونە:

شوێنكەوتوانی پێغەمبەران علیهم الصلاة والسلام بە زۆری گەنج بوون، هەروەها غەیری وانیش بە زۆری سوودیان لە چینی گەنج و تازە پێگەیشتوو بینیوە، وە لە ڕاستی دا تەمەنی گەنجێتی لە ژیانی ئینسان دا قۆناغێكە كە قۆناغەكانی دوایی تەمەنی پێوە پەیوەستن، پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم یش لە یەكێك لە فەرمایشتەكانی دا لە بارەی گرنگیی قۆناغی گەنجێتی یەوە فەرموویەتی: **لا تَزولُ قَدَما عبدٍ يَومَ القيامَة حَتَّى يُسألَ عن أربعٍ: عَن شبابه فيمَ أفناهُ...** الترمذي 2341 واتە: دوو پێ یەكانی هیچ كەسێك لە ڕۆژی دوایی دا بەم لاو لا دا نا چێت تاكو پرسیاری لێ نەكرێ دەربارەی چوار شتان: یەكەم: لە بارەی

www.alibapir.com

گەنجێتی یەوە -قۆناغی گەنجێتی خۆی- چۆنی بەڕێ کردوە؟!....

بەڵێ بە تەئکید قۆناغی گەنجێتی گەنجینەیەکە بە هۆیەوە ئینسان دەتوانێ کەسایەتیی یەکی وا بۆ خۆی دابڕێژێ، کە خزمەتی خۆی و خاك و میللەتی بکات، بۆیە ئینسان دەربارەی قۆناغی گەنجێتی بە تایبەت لێپرسینەوەی لەگەڵ دا دەکرێ.

ئنجا وەك ئاماژەشم پێ کرد ئەو گۆڕانکاریی یانەی کە ڕوویان داوە هەم بە باری چاکە دا لەسەر دەستی پێغەمبەران (علیهم الصلاة والسلام) وە شوێن کەوتووانیان - کە چاك سازیی و پاکسازیی و گۆڕانکاریی ئیجابی بووە لە کۆمەڵگا دا- شوێن کەوتووانیان چینی گەنج بوون. هەروەها بە باری خراپە و سەلبیش دا دیسان شوێن کەوتووانی ئەهلی (باطل) یش کە گۆڕانکاریی خراپ و سەلبی یان کردوە، بە هەمان شێوە سوودیان لە چینی گەنج بینیوە، بۆیە هەموو لایەکمان لە نێو کۆمەڵگاکەمان دا، زانایان و دایکان و باوکان و...هتد، بەرپرسین لە بەرانبەر بە تەمەنی لاوێتیی کوڕ و کچەکانمان و نەوەکانمان و سەرجەم هاوولاتیان و دەبێ بە ئەمانەتێکی گەورەیان بزانین کە لە ئەستۆمان دان وە ئاگامان لێیان بێت، چونکە ئەگەر گەنج و لاوەکانمان مێشك و دڵ و دەروونیان بە

www.alibapir.com

عەقیدەی ڕاست و بیری باش ڕۆشن بکرێتەوە و ئەخلاق و ڕەوشتێکی باشیان فێر بکرێ و لە سەر بەرنامەیەکی ڕاست و دروست پەروەردە بکرێن، لە ڕاستی دا دەبن بە ئەندامی زۆر کاریگەروە دەبنە خشتێکی بەکەڵك لە بینای کۆمەڵگاکەمان دا، بە پێچەوانەشەوە ئەگەر عەقیدەو فیکرێکی پووچ و عادەت و نەریتێکی خراپ و ڕەوشتێکی دزێو و هەڵس و کەوتێکی نزم فێر بکرێن و لەسەر سیاسەتێکی چەوت پەروەردە بکرێن ئەوە سەرەنجام دەبنە گیا کەڵە ومایەی دەردو نەهامەتیی بۆ خۆشیان و میللەتەکەشیان.

پێغەمبەری ئێمەش (علیه الصلاة وال سلام) بەتەمەنترین هاوەڵی (أبوبکر الصدیق) خوای لێ ڕازی بێ بووە - وەك لە (سیرة إبن هاشم) و باقی کتێبەکانی دیکەی ژیانی پێغەمبەر دا هاتوە- کە ئەو کاتە تەمەنی (38) سی و هەشت ساڵ بووە کە مسوڵمان بوە، ئەوانی دیکەش هەموو لەو تەمەنیان کەمتر بووە، هەر چەندە خەڵکی دیکەش هەبووە کە لە دوایی دا مسوڵمان بووە و تەمەنی زیاتر بووە، بەڵام لە سەرەتاوە چینی گەنج و لاو لە خزمەت پێغەمبەر دا بوون علیه الصلاة وال سلام، هەروەها هاوەڵانی ئەشکەوت (أصحاب الکهف) یش کە خوای کاربەجێ

www.alibapir.com

بەسەرهاتەکەیانمان بۆ دەگێڕێتەوە و دەفەرموێ: ﴿**إِنَّهُمْ فِتْيَةٌ آمَنُوا بِرَبِّهِمْ وَزِدْنَاهُمْ هُدًى**﴾ الكهف -13- ، (فتية) کۆی (فتى) یەو (فتى) ش بە کەسێك دەگوترێ تەمەنی لە نێوان (15-20) یاخود (15-30) دایە، کەواتە: هاوەڵانی ئەشکەوت کە خوای پەنهانبین بەسەرهاتەکەیانمان بۆ باس دەکات کۆمەڵە گەنجێکی تازە پێگەیشتوو بوون کە ئامادە بوون لە کۆمەڵگا و ڕژێمی طاغووتی یانەی خۆیان هەڵگەڕێنەوە و مل بۆ ناحەقی یەکانیان نەدەن و ئامادە نەبوون کۆیلایەتی بۆ ئینسانێك بکەن و، ژیانی نێو ئەشکەوتیان هەڵبژارد و پەسند کرد بەسەر ژیانی نێو کۆشك و تەلار دا، بە مەرجێك ئازادانە بژین و خاوەنی ئیرادەی خۆیان بن و بەندایەتیی بۆ خوا بکەن.

هەروەها زانستی دەروونناسیی و کۆمەڵناسیی ڕوونی کردۆتەوە ئینسان کاتێك لەسەر فیکرەو بیرو باوەڕێك چووە تەمەنەوە هەر لەسەری دەمێنێتەوە و کەمتر وایە دوایی دەستی لێ بەر بدات و بە زۆری وایە کە گۆڕانکاریی لە ژیانی ئینسان دا لە تەمەنی گەنجی دایە، پێش تەمەنی کامڵ بوون -کە زیاتر لە دەورو بەری (چل ساڵی) دا دەبێ. هەڵبەتە ئینسانی واش هەیە لە تەمەنی چل ساڵی و بگرە لە سەرووی شەست و حەفتاشەوە

www.alibapir.com

جورئەت و بوێری وای هەیە كە گۆڕان بەسەر خۆی دا بێنێت، هەندێك لە زانا ئەوروپی یەكان لە تەمەنی زۆر هەڵكشیو دا كە خاوەنی بڕوانامەی زۆر بەرز بوون، مسوڵمان بوون! بەڵام ئەوە بە ڕێژەیەكی كەم ڕوو دەدات، چونكە بێگومان ئەوە كە ئینسان بتوانێ چاوپۆشی لەو ڕابردووەی خۆی بكات كە دەزانێ هەڵەیە و چاوپۆشی لە هەموو بەرژەوەندیی و دۆست و ڕەفیقانی خۆی بكات، كە لەسەر بیر و باوەڕێكی پووچ و ڕێگایەكی بەتاڵ بۆی پەیدا بوون، بە ڕاستی جورئەت و بوێری یەكی دەوێ كە لە هەموو كەس دا پەیدا نابێت.

(3) ڕەسەنایەتیی و بەهرە لە خەڵك وەرگرتن دژی یەك نین:

بەڵێ ڕەسەنایەتیی و بەهرە لە خەڵكی وەرگرتن - با ئەو خەڵكە نامسوڵمانیش بن- دوو شتی پێكەوە دژ نین، بەڵكو بە پێچەوانەوە تەواوكەری یەكدین، جا ئێستا با تۆزێك تیشك بخەینە سەر مەسەلەی ڕەسەنایەتیی:

ئێمەی خەڵكی مسوڵمانی كوردستان ئەگەر بمانەوێ بە میللەتێكی ڕەسەن دابنرێین دەبێ پارێزگاریی لەو ئایین و بەرنامە حەق و ڕاستەی خوای كاربەجێ بكەین كە چەندان سەدەیە باب و

www.alibapir.com

باپیران و پێشینانمان لەسەرینی و بۆتە هەوێنی مێژوو و هەناوی ئەدەب و فیکر و فەرهەنگ و کلتوورمان و دوایین نوسخەی هیدایەتی خوای بەخشەریشە بۆ مرۆڤایەتی و، تاکە کتێبێك کە ئێستا لەسەر دەستی بەشەر دا ماوەتەوە بە دەستکاریی نەکراویی و نەگۆڕاویی و مۆرنەشکاویی وەك چۆن خوای (تبارك و تعالی) ناردوویەتی، تەنها (قورئان) ە و بێجگە لەوی کتێبەکانی دیکەی خوای (عزَّوجلّ) هەموویان دەستکاریی کراون و گۆڕراون، حیکمەتی ئەو مەسەلەیەش ئەوەیە کە خوای کاربەجێ سەرجەم کتێب و پێغەمبەرانی دیکەی علیهم الصلاة والسلام هەر کامیان بۆ قۆناغ و هەل و مەرجێکی تایبەت و گەل و کۆمەڵگایەکی دیاریکراو ناردوون، بەڵام قورئانی بۆ تێکڕای مرۆڤایەتی ناردوە بە هەموو قۆناغ و هەل و مەرجە جیاجیایەکان و سەرجەم کۆمەڵگا جۆراوجۆرەکانەوە، هەتا ژیانی بەشەر لەسەر زەوی ماوە پێغەمبەرێکی دیکەی بۆ نایەت جگە لە محمد ﷺ وە کتێبێکی دیکەشی بۆ نایەت جگە لە قورئان، هەر بۆیەش خوای زانا و توانا بۆ خۆی قورئانی پاراستوە، بەڵام پاراستنی کتێبەکانی دیکەی عایدی زانایەکان کردبوو وەك لە بارەی (توراة) ەوە فەرموویەتی: ﴿**إِنَّا أَنزَلْنَا التَّوْرَاةَ فِيهَا هُدًى وَنُورٌ يَحْكُمُ بِهَا**

www.alibapir.com

النَّبِيُّونَ الَّذِينَ أَسْلَمُواْ لِلَّذِينَ هَادُواْ وَالرَّبَّانِيُّونَ وَالأَحْبَارُ بِمَا اسْتُحْفِظُواْ مِن كِتَابِ اللّهِ وَكَانُواْ عَلَيْهِ شُهداء...﴾ المائدة -44-، واته: ئێمه تەوراتمان ناردۆتە خوارێ ڕێنمایی و ڕووناکی تێدایه پێغەمبەرانی بۆ خوا ملکەچ وپێشەوا خوا پەرست و شارەزایەکان حوکمیان بەسەر جوولەکەکاندا پێ دەکرد، لە سۆنگەی ئەوەوە کە پاراستنی کتێبی خوایان پێ سپێررابوو وە بە سەریەوە چاودێر بوون...

وە لەو بارەشەوە کە پاراستنی قورئانی عایدی خۆی کردوە دەفەرموێ: ﴿**إِنَّا نَحْنُ نَزَّلْنَا الذِّكْرَ وَإِنَّا لَهُ لَحَافِظُونَ**﴾ الحجر -9-، واته: بێگومان خۆمان قورئانمان ناردۆتە خوار و بە تەئکید خۆشمان پارێزەرینی.

بێگومان شتێکیش خوای پەروەردگار بیپارێزێ سەلامەت دەبێ، بەڵام کاتێك پاراشتنی شتێك عایدی بە شەر دەکرێ دەگونجێ سەلامەت بێ و دەشگونجێ سەلامەت نەبێ. دەربارەی ئەوەش کە پێغەمبەر ﷺ و قورئان بۆ هەموو قۆناغەکانی ژیانی مرۆڤایەتی هاتوون خوا تبارك و تعالى دەفەرموێ: ﴿**وَمَا أَرْسَلْنَاكَ إِلَّا رَحْمَةً لِّلْعَالَمِينَ**﴾ الأنبياء -107-، واته: وە تۆمان ڕەوانە نەکردوە مەگەر بەزەیی -خوا- بی بۆ سەرجەم جیهانی

www.alibapir.com

یان، بەڵام لە بارەی پێغەمبەرانی دیکەوە (عليهم السلام) دەفەرمویّ: ﴿وَإِلَى عَادٍ أَخَاهُمْ هُوداً..... وَإِلَى ثَمُودَ أَخَاهُمْ صَالِحًا.... وَإِلَى مَدْيَنَ أَخَاهُمْ شُعَيْبًا﴾ الأعراف - 65,73,85-، واتە: هەر کامێکیان بۆ قەومی خۆی هاتوە بەڵام پێغەمبەری کۆتایی ﷺ بۆ هەموو میللەت و نەتەوەکان هاتوە بێ جیاوازی.

پوختەی قسان:

ڕەسەنایەتیی ئێمەی گەلی کوردی مسوڵمان بریتییە لە پارێزگاریی کردن لە دینەکەمان و لەو بەها بەرز و جوانانەی کە لێیەوە وەرگیراون، هەر لە خووڕەوشتە پەسندە شەخسییەکانەوە بگرە هاتە عادەت و نەریتە کۆمەڵایەتی یەجوانەکان و...هتد، کە زۆربەیان خاڵی هاوبەشن لە نێوان تێکڕای گەل و میللەتانی مسوڵمان دا و هەندێکیشیان تایبەتن بە گەلی کوردەوە بۆ نموونە: بەرگ و پۆشاك چ هی پیاوانە چ هی ئافرەتانە، کە بێگومان بەرگێکی جوان و بە ڕەونەقە و لەگەڵ کەش و مەناخی سروشتی کوردستانیش دا دەگونجێ، وەك چۆن جل و بەرگی هەر میللەتێکی دیکەش لە گەڵ کەش و ئاو و هەوای وڵاتەکەیان دا گونجاوە و، پێشینانی ئێمەش کاتی خۆی بێ حیکمەت و بە

www.alibapir.com

هەوەنتە ئەو جۆرە بەرگ و پۆشاکەیان دانەهێناوە و نەیانکردۆتە نەریتێکی نەتەوەیی خۆیان! جا پارێزگاریی[7] لە شتە باشەکانی خۆمان کە ڕەسەنایەتیی یە، لەگەڵ بەهرە وەرگرتن لە شتی چاکی خەڵکی دیکە دوو شتی پێکەوە دژ نین، یانی ئەو جۆرە بیر کردنەوەیە زۆر هەڵەیە کە پێی وایە ئێمە دەبێ ببینە عەلمانیی یان جوولەکە یان نەصرانی یان بوژایی ئەو کاتە دەتوانین لەو شتە باشانەی کە ئەوان هەیانە بەهرەمەند بین!! نەخێر چونکە (ئیسلام) تاکە دینی ڕاستی خوای بەرز و مەزن ڕێ گەی هیچ شتێکی باشی لە ئێمە نەگرتوە، نەك هەر ڕێی لێ نەگرتوین بەڵکو لەسەریشی پێویست کردوین کە هەرچی شتی باشە لە خەڵکی دیکە وەری بگرین و لێیان بەهرەمەند بین.

بۆ وێنە: پێغەمبەر ﷺ لە یەکێك لە فەرمایشتەکانی دا دەفەرموێ: **الحِكمَةُ ضَالَّةُ المؤمنِ أينَمَا وَجَدَها فَهُو أحَقُّ بِها** رواه الترمذي:2611 . واتە: زانیاری بە سوود و بە کەڵك شتێکە لە ئینسانی ئیماندار بزر بووە، لە هەر شوێنێك

[7] لێرەدا مەبەستم تەنیا تەنیا پارێزگاریی کردنە لە عادەت و نەریتی چاك و باش ئەگەر نا شتی خراپ نەك پارێزگاریی لێ کردنی پێویست نیە بگرە دروستیش نیەو پێویستە خۆشمانی لێ ڕزگار بکەین.

www.alibapir.com

بیدۆزێتەوە لە هەموو کەس زیاتر بە شی پێیەوەیە. ئنجا پێغەمبەر ﷺ خۆیشی بە کردەوە ئەوەی ئەنجام داوە لە هەموو بوارەکانی: سیاسیی، ئیداریی، جەنگیی، فیکریی... هتد دا و هەر شتێکی چاکی لە گەل و میللەتانی دیکە - با کافریش بووبن- بینیی بێ و زانیبێ و بێ سێ و دوو کردن لێی وەرگرتوون، بەبێ ئەوەی هەست بە هیچ حەرەجێك بکات، بۆ وێنە:

ئەو کاتەی پێغەمبەر علیه الصلاة والسلام ویستی نامە بۆ پادشاکانی: ڕۆم و فارس ومیصر وحەبەشە: (هِرَقْل) و (کِسْری) و (مُقَوْقَس) و (نجاشِی) بنووسێ بە مەبەستی بانگ کردنیان بۆ لای خوا و ئایین و بەرنامە ڕاستەکەی، یەکێك لە هاوەڵانی گوتی: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ پادشا و مەلیکەکان عادەتیان وایە نامەیەك ناخوێننەوە کە مۆر نەکرابێ و بە نامەیەکی ڕەسمیی نازانن!

ئەویش فەرمووی: مادام وایە مۆرێکم بۆ دروست بکەن لەسەری نووسرابێ (محمد رسول الله) بە شێوەیەك کە: وشەی (الله) لە سەرەوە بێ و (رسول) لە نێوەڕاست و (محمد) یش لە خوارێ، ئەوانیش مۆرەکەیان بۆ هەڵکەند، ئنجا هەر کاتێك نامەیەکی نووسیبایە ئەو مۆرەی لێدەدا و (ختم) ی دەکرد، وە

www.alibapir.com

لەبەر ئەوەی یەکێك بووە لە عورفی سیاسیی خەڵك لەو ڕۆژگارەدا و ئێستاش هەر وایە، پێغەمبەر علیه الصلاة والسلام نەی فەرمووە: نەخێر نابێ، چونکە ئەوە ناشەرعیی یەو لاسایی کردنەوەی کافرانی بێگانەیە!! یاخود لەکاتی جەنگی (خەندەق)دا سەلمانی فارسی خوا لێی ڕازی بێ گوتی: ئەی پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم ئێمە لە وڵاتی فارس عادەتمان وابوو، ئەگەر لە خۆمان ترسابایین لەبەر زۆریی ژمارەی دوژمن، لەشار دا دەماینەوە و لەو شوێنانەی کە دەشتایی بوون و دوژمن دەیتوانی لێیانەوە بێتە نێو شار (خەندەك) مان هەڵدەکەند بۆ ئەوەی سوپای دوژمن نەتوانێ بپەڕێتەوە، ئەویش (علیه الصلاة والسلام) یەکسەر دەفەرموێ: باشە، با خەندەك لێدەین.

هەروەها لە جەنگی (طائف) دا پێغەمبەر ﷺ سوودی بینی لە دوو ئامرازی جەنگی کە پێشتر بەکاری نەهێنابوون کە بریتی بوون لە (مەنجەنیق) و (دەببابە). هەروەها لە هەموو بوارەکانی دیکەش دا پێغەمبەر (علیه الصلاة والسلام) هەر کەسێك شتێکی باشی پێ بووبێ جا مسوڵمان بووبێ یاخود کافر، بەبێ هیچ مەناعەتێك وەری گرتوە لێی و بەهرەمەند بووە بۆ نموونە: پێشنیارەکەی (الحباب بن المنذر) لە جەنگی بەدر دا

www.alibapir.com

وەك لە (سيرة إبن هاشم) دا هاتوە.

پاشان لە سەردەمی (عومەر) دا خوا لێی ڕازی بێ کە لە سەردەمی ئەو دا دەوڵەتی ئیسلامیی زۆر فراوان بوو کۆ مەڵێك تەرتیباتی ئیداریی لە دەوڵەتی فارس و ڕۆم وەر گرتن، وەك: دروست کردنی دیوانەکان -دیوانی سەربازان، دیوانی خەراج، دیوانی زەکات-، هەروەها داهێنانی حەپسخانە (سجن) کە لە سەردەمی پێغەمبەر (عليه الصلاة والسلام) و (أبوبكر) خوا لێی ڕازی بێ نەبوو، هەروەها هەر لە سەردەمی (عومەر) دا پۆستە (بريد) داهێنرا، کە پێشتر نەبوو، چونکە وادیارە پێشتر پێویست نەبووە.

هەروەها بە درێژایی تەمەنی سێزدە سەدەیی دەوڵەتی ئیسلامیی مسوڵمانان هەستیان بە هیچ سەغڵەتی یەك نەکردوە، لە وەرگرتنی شتی باش لە خەڵکانی دیکە لە هەموو بوارەکانی ژیان و گوزەران دا، بە مەرجێك لەگەڵ شەریعەتی ئیسلامیی دا دژ نەوەستابێ[8] و سوودو کەڵکی بووبێ بۆ دەوڵەتی ئیسلامیی و کۆمەڵگای مسوڵمانان.

ئنجا ئێستاش کە دەبینین وڵاتانی ڕۆژئاوا - ئەمریکا و

---

[8] بێگومان شەریعەتیش لەگەڵ هیچ شتێکی باش و بە کەڵك دا دژ نیە و تێك ناگیرێ.

www.alibapir.com

ئەورووپا- و هەندێك لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتیش -وەك یابان و چین- لە بواری تەکنۆلۆژیا دا پێشکەوتوون، ئێمە ئەگەر چاو لەوان بکەین و لەوانەوە فێری داهێنان و پیشەسازی ببین و فێرببین کە چۆن وڵاتی خۆمان ئاوەدان بکەینەوە و...هتد، ئەوە نەك شتێکی خراپمان نەکردوە بەڵکو شتێکی زۆر باشیشمان کردوە و هەر ئەوەمان کردوە کە کاتی خۆی پێغەمبەر علیه الصلاة والسلام کردوویەتی.

کەواتە پێویستە هەموو لایەك ئەو حەقیقەتە بزانین کە پارێزگاریی لێکردنی ڕەسەنایەتی مان نەك هەر ڕێگەمان لێ ناگرێ کە شتی چاك لە خەڵکی دیکە وەربگرین، بەڵکو ئەگەر تۆ بتەوێ پارێزگاریی لێ بکەی لە ڕەسەنایەتی خۆت دەبێ ئەو ڕەسەنایەتی یە موتووربە بکەی بە شتی چاکی دیکەی خەڵك، بەڵام بە مەرجێك لە چوارچێوەی ئەو شەریعەتە دابێ کە بناغەی ڕەسەنایەتی یەکەتە!

بۆ وێنە: با ئێمە لە هونەری پێشکەوتووی سینەما و شانۆی خەڵکی دیکە سوودمەند بین، بەڵام با نێوەڕۆك (محتوی) ی سینەما و شانۆی ئێمە (نێوەڕۆك) ێك بێ کە لەگەڵ ڕەسەنایەتیی ئێمە دا بگونجێ و لەگەڵ دین و عەقیدە و ئەخلاق و قیەمی ئێمە دا بگونجێ.

www.alibapir.com

یاخود لەبواری ئەدەب و نووسین با بەهرە لە خەڵکی دی کە وەربگرین، بەڵام با وریابین نەکەوینە ژێر کاریگەریی نێوەڕۆکی ڕزیو و ژەهراویی بەرهەمەکانیان. بۆ نموونە:

(تۆلستۆی) چیرۆکی (ئەنناکارنینا) ی نووسیوە کە نێوەڕۆك و کاکڵەکەی بریتیە لەوەی کە، کابرایەك حەزی لە ژنی کابرا یەکی دیکە کردوە، ئنجا ئەو ئافرەتە خیانەت بە مێردە کەی خۆی دەکات و ئەویش بۆی تەڵاق دەدات نەوەك ژنە ناپاکە کە لە خەفەتان بمرێ!!

بەڵێ ئەوە جەوهەر و کاکڵی ئەو کتێبەی (تۆل ستۆی) ی ڕووسی یە کە دە ڵێن ئا کارێکی ئەدەبی زۆر بەرزە! بەڵام بێگومان کاکڵ و نێوەڕۆکەکەی هیچ نیە، پیسیی و زبڵە، جا با گەنجانی ئێمە، خەڵکی ئێمە ئیستیفادە لە (تۆل ستۆی) یان (شکسپیر) یان خەڵی دیکەی نووسەر و ئەدیبیان بکات، بەڵام نەك بەو نێوەڕۆکە ڕزیوە کە لە قیەمی ئاژەڵیی و ماددیگەرایی و ئەوانەوە سەرچاوەی گرتوە، بەڵکو بە نێوەڕۆکێك کە لە ئیسلام و قورئان و سوننەت و بەها بەرزەکانیەوە سەرچاوە دەگرێ.

هەموو ئەوانە ئەگەر بۆ مەبەستێکی باش بەکار بێن و بۆ هێنانەدی ئامانجی شەرعیی بن و لە سنووری شەرع دابن. ئەوە

www.alibapir.com

به ڕاستی هیچ پێشگیریی (منع) یان لەسەر نیە، چونكە زانایانی ئیسلام بنچینەیەكی شەرعی یان داناوه دەڵێ: ((الأَصلُ في العِبادة المَنع والأصلُ في المعاملاتِ الأِباحة))، واته: (بناغەی مامەڵە كردن له خوا پەرستی یەكاندا ڕێنەدانە و بناغەی مامەڵە كردن لەگەڵ هەڵس وكەوتەكان ڕێ پێدانە) واته: تۆ بۆت نیە به جۆرێك نوێژ بكەی و ڕۆژوو بگری غەیری ئەوەی كه شەرع دیاریی كردوە بەڵام له بوار و مەیدانی هەڵس و كەوتی كۆمەڵایەتی و سیاسیی و جەنگ و ئاشتی ڕێكخستنی ژیان له ڕووی ئیداریی یەوه، ئەسڵ تێیدا دەست كراوەیی یه و دەبێ بەڵگه هەبێ لەسەر ئەوەی كه ئەو شته قەدەغەو ڕێ پێ نەدراوه ئەگەرنا له ئەسڵ دا ڕەوا (مباح) یه و گرنگ ئەوەیه سوودی هەبێ و زیانی نەبێ.

www.alibapir.com

(4) دیاردەی لاسایی کردنەوە لە چی یەوە سەرچاوە دەگرێ و هۆکارەکانی تەشەنەکردنی چین؟!

دیاردەی لاسایی کردنەوە جا چ لە تاکێك دا بێتەدی و چ لە کۆمەڵ و میللەتێك دا، لە باوەڕ بە خۆ نەبوون و متمانە بە خۆ نەبوونەوە سەرچاوە دەگرێ، کاتێك ئینسان متمانە و باوەڕی بە خۆی و دین و کلتوور و فەرهەنگ و مێژووی خۆی و گەلەکەی نەبوو، سیاسەت و فیکر و فەلسەفە و عادەت و ئەخلاقی خەڵکی دی دەکاتە ڕێشمەیەك و لە گەردنی خۆی قایم دەکات و بە چاو نووقاوی بە دوای دا دەڕوات و خۆی تەسلیم دەکات!

دیارە کەسێکیش و کۆمەڵێکیش بەو جۆرە ڕەفتار دەکات، پەتی تەقلید لە گەردنی خۆی توند دەکات کە وا گومان دەبات و پێی وایە شایانی ئەوە نیە بە عەقڵی خۆی بیر بکاتەوە، بۆیە خۆی ناچار دەبینێ کە بە عەقڵی خەڵك بیر بکاتەوە! ئنجا بە تەئکید ئەگەر ئەو جۆرە ڕەفتارە لە هەموو کەس بوەشێتەوە، لە ئینسانی مسوڵمان و میللەتی مسوڵمان ناوەشێتەوە، چونکە مسوڵمان مێشك و دڵ و دەروونی بۆش و بەتاڵ و بێ بەرنامە نیە! بەڵکو هەموو شتێکی خۆی هەیە و ئایین و بەرنامە ڕاست و

www.alibapir.com

دروست و لەگەڵ عەقڵ و فیطرەت و زانیاری دا گونجاوە کە پشتی دەرگای وەرگرتنی هەموو شتێکی چاکی بۆ خستۆتە سەر پشت و یەکالاّ کرۆتەوە! بۆیە کاتێك کوڕێك یان کچێك، خوشکێك یان برایەکمان یان کۆمەڵە گەنجێك دەبینین گیرۆدە بوون بە دە ست دەردی لاسایی کردنەوەی بێگانەوە چ لە بەرگ و پۆشاك دا چ لە بیر کردنەوە دا چ لە هەڵس وکەوت دا چ لە بیّ بەند و باریی و عادەت و نەریّتی خراپ دا بۆ وێنە:

بەکارهێنان و خووگرتن بەو جۆرە ماددە سڕکەرانەوە کە ئینسان سەرخۆش دەکەن، بە هەموو جۆر و شێوەکانیانەوە: چ خوادنەوە بیّ چ حەب خواردن چ دەرزی لە خۆدان....هتد.

ئەگەر پرسیار لە هەرچی زانای دەروونناس و کۆمەڵناس و تێکڕای پزیشکەکان بکەین و بپرسین: کە ئا یا ئەو شتانە چ قازانجێکیان هەیە؟! بێگومان هەموویان دەڵێن جگە لە زیان هیچ سوودێکی دیکەیان نیە!

دەی باشە بۆچی دەبیّ خەڵکی ئێمە بەشێك لە گە نجەکانی ئێمە- لە خۆسەرخۆشکردن و خۆبێهۆشکردن دا لاسایی خەڵکی ئەورووپا بکەنەوە؟!

ئایا خەڵکی ئەورووپا ورۆژئاوا ئەوانەیان کە خۆ سەرخۆش و

www.alibapir.com

بێ هۆش دەکەن، شار ستانێتی ئەوروپایان درو ست کردوە؟! بێگومان نەخێر، بەڵکو ئەو زانایانەیان شار ستانێتی یە کەیان بنیات ناوە کە لە هەوڵ و تێکۆشان دا شەو و ڕۆژان پێکەوە گرێ دەدەن، زانای وایان هەبووە تاکو بیردۆزەیەکی دۆزیوەتەوە، یان یاسایەکی خوای پەروەردگاری لە بوونەوەردا دۆزیوەتەوە، وا بووە کە چەند جارێك خواردنیان بۆ هێناوە نەیپرژاوەتەسەر ئەوە کە خواردنەکەی بخوات تاکو سارد بۆتەوە، بۆ ئەوەی ز نجیرەی بیرکردنەوە (سلسة التفکر) ی نەپچڕێ! ئن جا گەی شتۆتە ئەو حەقیقەت و ڕاستی یە، بەڵێ وەنەبێ ئەو شارستانەتی یە ماددی یەی ئەمڕۆ خەڵکی سەرخۆش و بێ هۆش و بێ بە ند و بار دروستیان کردبێ، هەتا گەنجەکانی ئێمە تەما شای وان ب کەن!! بەڵکو وەك ئاماژەم پێ کرد ئەو زانایانە دروستیان کردوە کە هەوڵی بێوچانیان داوەو زۆریان خۆ ماندوو کردوە، شارستانێتی و بەرەوپێشچوونە ماددی یەکەیان بەرهەمی کرد و کۆش و ڕەنج و ڕەحمەت و کۆمەڵێك ئاکاری پەسند و سیفەتی گەورە گەورەیە کە لە خەڵکی ڕۆژئاوادا هەن و ئەو ئاکار و سیفەتە با شانەیان وای کردوە کە ژیانی ماددی یان بەرەو پێش بچێو ئەو شارستانەتی یە بێ ڕووحەیان وەدی بێ!

www.alibapir.com

کەواتە: ئەوانەی کە دەیانەوێ تەماشای ڕۆژئاوا بکەن، با تەماشای شتە چاکەکانیان بکەن، کە دیارە ئەو کاتەش هەڵوێستەکەیان پێی ناگوترێ: (لاسایی کردنەوە) بەڵکو پێی دەگوترێ: (بەهرە وەرگرتن) چونکە لاسایی کردنەوە (تقلید) ئەوەیە کە تۆ بە چاك و خراپ بە دوای کابرا بکەوی بێ ئەوەی بزانی کە داخوا زەرەری لێ دەکەی یان قازانج!

www.alibapir.com

هۆكارەكانی تەشەنەكردنی دیاردەی لاسایی كردنەوە لە نێو كۆمەڵگاكەمان دا:

ئەگەر سەرنج بدەین دەبینین كە لە كوردستانی خۆمان دا ماوەیەكە ڕۆژ بە ڕۆژ دیاردەی لاسایی كردنەوە، لە زۆربەی بوارەكانی ژیان و گوزەران دا، بە تایبەت لە نێو چینی تازە پێگەیشتوومان دا، تەشەنە دەكات كە بە تەئكید هیچ كە سێك ناتوانێ بڵێ ئەو لاسایی كردنەوە كوێرانەیە هیچ قازانج و سوود و كەڵكێكی هەیە!

بۆ نموونە: لە بارەی پەرەستاندنی دیاردەی پەنا بردنە بەر مادده سەرخۆشكەرەكانەوە دەڵێین: بێگومان ئینسان بە عەقڵ و هۆش لە ئاژەڵ جیا دەبێتەوە، بۆیە ئینسانێك بە پارەی خۆی و بە دەستی خۆی ماددەیەك بخوات كە عەقڵی لەلا نەهێڵێت! ئایا ئەوە چ پێشكەوتنێكە؟!!

بێگومان خەڵكی ڕۆژئاوا بە عەقڵ و پێشكەوتن نەك بە بێ عەقڵی، بە هۆشەوە پێشكەوتن نەك بە بێ هۆشی! جا دە توانین هۆی تەشەنەكردنی ئەو دیاردە[9]یە لە چوار خاڵاندا بخەینە ڕوو:

(9) واتە دیاردەی لاسا كردنەوەی كوێرانەی ڕۆژئاوا.

www.alibapir.com

یەكەم: هەبوونی لاسایی كردنەوە لە ئاستی بالآ دا.

گەنج و لاوەكانمان لە سەروو خۆیانەوە حالەتی لاسایی كردنەوە دەبینن، چ لە بواری سیاسیی دا چ لە بواری فیكریی دا...هتد، تەماشا دەكەن ئەوانەی كە كار بەدەستو قسە ڕۆیشتوون زیاتر پەنا دەبەنە بەر بیر و سیاسەت و بیردۆزەی خەڵكی دیكە، بەبێ ئەوەی تەماشای دین و كلتوور و كەلەپووری میللەتەكەیان بكەن، كە ئایا چارەسەری كێشەو گرفتەكانی ئەو میللەتەی تێدایە یان نا؟!

بە ڕاستی زۆر جێی سەرسوڕمانە! كەسێكی ئاوا لە نێو میللەتێكی مسوڵمان دا نەزانێ قورئان و سوننەت چی یان تێدایە؟! بۆ ئەوەی كاتێك گوتی: ئیسلام چارەسەری دەردی ئێمەی پێ نیە! بە بەڵگەوە وا بڵێ!!.

جا من پێم وایە هۆكار و فاكتەری هەرە كاریگەری، تەشەنەكردنی دیاردەی لاسایی كردنەوە لە نێو گەنجەكان دا ئەوەیە كە تەماشای سەرەوەی خۆیان دەكەن و دەبینن لە سەرەوەی خۆیان دیاردەی لاسایی كردنەوە و دواكەوتنی خەڵكی دیكە زۆرە بێ ئەوەی كە بابای لاسایی كەرەوە ئاوڕ لە نێو ماڵی خۆی بداتەوە و بزانێ چی تێدایە؟!! وەك پەندە كوردی یە كە

www.alibapir.com

دەڵێ: (ماڵیان پڕ بوو لە ڕازیانە منداڵیشیان بە زگ هێشەی دەمرد!!).

دووەم: کاریگەریی سەلبی هۆیەکانی ڕاگەیاندن.

هۆکارەکانی ڕاگەیاندن بەهەر سێ جۆری بینراو و بیسراو و خوێندراوەوە: کە بە ڕاستی لە راگەیاندنەکاندا زۆر جەخت لەسەر ئەوە دەکرێ کە گەنج و لاوی ئێمە سەرگەرم بکرێ بە قیەم و بیرو فەلسەفە و بۆچوونی خەڵکی دیکەوە! لە حاڵێك دا کە هەندێك لەو شتە باشانەی کە ئەوان دەیانەوێ بڵاوی بکەنەوە بە شێوەیەکی باشتر لە قورئان و سوننەتی خۆمان دا هەیە، وە بە تەئکید زۆرێکیش لەو بیرو بۆچوون و نەریتانە شتی تەپیو و ڕزیون و کێم و جەراحەتی برینەکانی خەڵکی ڕۆژئاوان و بە کەڵکی ئێمە نایەن و تەنانەت خۆشیان لێیان بێزارن!

بەڵێ بەڕاستی ڕاگەیاندنی سیکۆلاریستەکان بە گشتی دەوری یەکجار خراپیان هەیە لەو ڕووەوە.

ئنجا ئەوەی کە زۆر جێی سەرنجەو بگرە سەر سوڕمانە، ئەوەیە لە نێو میللەتێکی مسوڵمان دا - کە هیچ کەس بە قیادەی سیاسیشەوە نکوڵی نا کا لەوەی کە ئەو خەڵکە

www.alibapir.com

مسوڵمانە و هەمووشی ئیددیعای مسوڵمانەتیی دەکات و خۆشی بە مسوڵمان دەزانێ کەچی لە هۆیەکانی ڕاگەیاندنی هەموانیان بە بێ هەڵاواردن گوێت لە ئایەتێکی قورئان یاخود فەرمایشتێکی پێغەمبەر نابێ (علیه الصلاة والسلام) وە گوێبیستی ڕەواج پێدانی قیەمێکی ئیسلامیی نابیت! وەکو ئەوە ئیسلام هیچ شتێکی چاك و پەسندی تێدا نەبێ کە شایستەی باس کران بێت و لە ژیانمان دا بەس زەرەر و زیانمان کرد بێ لە ئیسلام!!

لە حاڵێك دا ئێمە ئەگەر لە مێژووی ڕابردوومان دا خێر و خۆشی یەکمان دەست کەوتبێ و ناوێکمان چووبێتە نێو ناوانەوە و سەروەریی یەکمان تۆمار کردبێ، تەنها لە ژێر سایەی ئیسلام و لە باوەشی عەقیدە و فیکر و پەروەردەی ئیسلامیی دابووە چ لە ڕووی سیاسی، چ فیکریی و ئەدەبیی، چ زانستی... چ هەر ڕوویێکی دیکەوە.

وە لە ڕاستی دا ئێمە تەنها ئەوەمان هەیە کە لە سایە و لە باوەشی ئیسلام دا پەیدامان کردوە، تەنانەت ئەو میرنشینانەی کە مێژوو بۆی تۆمار کردووین وەك کیان و قەوارەی نەتەوەیی، وەك: میرنشینی ئەردەڵان و سۆران و بابان و

www.alibapir.com

بادینان و بۆتان...هتد، هەموویان لە سایەی دەوڵەتی ئیسلامیی دا بوون! هەروەها لە هەر لایەن و بوارێکی ژیان و گوزەران دا سەرنجی مێژووی ڕابردووی گەلەکەمان بدەین، دەبینین کە بە هۆی ئیسلامەوە خێرێکمان پێ گەیشتوە و سەروەریی یەکمان بۆ خۆمان تۆمار کردوە کەچی هۆیەکانی ڕاگەیاندنی قۆرخکراو بۆ بانگەشەی عەلمانییەت و لاسایی کردنەوەی بێگانە، هێندە بێ ویژدان و بوغزاویی و کین لە دڵن بەرانبەر بە ئیسلام!!

سێیەم: هەبوونی بۆشایی فیکریی و ڕووحیی.

هۆکاری سێیەم بریتیە لە هەبوونی ئەو بۆشاییە لە دڵ و دەروونی بەشێك لەو گەنج و لاوانەمان دا کە کەوتوونەتە ژێر کاریگەریی پڕو پاگەندەو بانگەشەی ناحەزانە و بیرەحمانەی ڕێڕەوی سیکۆلاریزم دژ بە ئیسلام، کە هەوڵ دەدات بە هیچ جۆرێك دانی خێر بە هیچ شتێکی ئیسلام دا نەیەنێ و باسی نەکات و ئەگەر گریمان باسیشی کرد لە ڕووی ڕەخنە لێ گرتن و توانج و پلار تێگرتنەوە باسی بکات!

ئیدی لە ئاکامی ئەو سیاسەتە چەوتەی سیکۆلاریستەکانەوە ژمارەیەك لە گەنج و لاوەکانمان بە هەردوو ڕەگەزیانەوە دووچاری

www.alibapir.com

بۆشایی یەکی فیکریی و ڕووحی بوون و عەلمانی یەکان ڕێی ئیمان و ئیسلامیان لێ گرتوون و نە شیان توانیوە بەدیلێکی دیکەیان بدەنێ و وەك دەڵێ لە هەردووك دینان بوو ون!

ئیدی سەرەنجام ئەو سەرلێشێواوانە خۆیان ناچار بینیوە کە بەملاو لادا بگەڕێن و بسووڕێن بۆ پڕ کردنەوەی ئەو بۆشای یەی کە هەستی پێ دەکەن لە عەقڵ و دڵیان دا و، گیرۆدەی گەلێك بیر و بۆچوون و خوو و خدە و نەریت و هەڵسوکەوتی پووچ و زیانبەخشی وا بوونە کە بێجگە لە (لاسایی کردنەوەی کوێرانە) هیچ پێناسەیەکی دیکە هەڵناگرن.

چوارەم: بارودۆخی ناهەمواری سیاسیی و ئابووری و کۆمەڵایەتی.

ئنجا بێگومان بار و دۆخی نا هەموار و هەڵە و پەڵەی سیاسی و ستەم و زۆری ئابووریی و نا ڕێك و پێکی کۆمەڵایەتی گەلەکەشمان کە لە لایەن سیکۆلاریستانەوە هاتۆتە ئاراوە و فەرز کراوە، کاریگەریی سەلبی زۆری هەیە بۆ سەر چینی گەنج و لاومان، کە پەنا بەرنەبەر لا سایی کردنەوە و چاو لێکردنی کوێرانەی خەڵك، چونکە وەختێك گەنجێك بێ ئیشە و کاری

www.alibapir.com

دەست ناکەوێ، یاخود تەماشا دەکا ئەوەی دوێنێ باسی چینی پرۆلیتار و خزمەتی خەڵك و میللەتی دەکرد، ئێستا کۆشکەکەی وێنەی نیە و لەبەر زۆری پارە و سامانی حیسابی خۆی نازانێ!! کەچی ئەویش خانووی دەست ناکەوێ و لە خانووی بە کرێ دایە! یاخود کاتێك دەبینێ باسی دیموکڕاسی دەکرێ، بەڵام حوکمێکی دیکتاتۆریی و عەسکەریی دەبینێ!! باسی حوکمی دەوڵەت و یاسا دەکرێ بەڵام حوکمی حیزب دەبینێ!! -هیوا دارین دوای یەکگرتنەوەی دوو ئیدارەکە ئەو دیاردانە بە یەکجاری بنبڕ بکرێن- بەڵێ گەنج کاتێك لە ئاوا هەل و مەرجێك دا دەژی، بێگومان ئەو هۆکارانەو چەندین هۆکاری سەلبی دیکە فشاری بۆ دێنن و چارەسەریشی دەست ناکەوێ بۆیە پەنا دەباتە بەر خۆ بێهۆشکردن و خۆ سەرخۆشکردن بە جۆرەها وەسیلە بۆ خۆ دزینەوە و ڕاکردن لەو واقیعەی کە تێیدا دەژی[10]!!.

[10] بەڵام گەنجی مسوڵمان و ئیماندار بەهۆی ئیمانەکەیەوە لەو دەردە و هەر دەرد و نەخۆشی یەکی دیکەی لەو بابەتە سەلامەت و پارێزراو دەبێ.

www.alibapir.com

(5) چارەسەری کێشەی لاسایی کردنەوە لە چی دا دەبینین؟!

بەڕێزان!

من چارەسەر کردنی ئەو نەخۆشی و دیاردە دزێوەی کە هەندێك لە گەنجەکانمان پێوەی گیرۆدە بوونە لە سێ خاڵان دا دەبینم:

یەکەم: دەرك کردنی ئەو ڕاستی یە کە کلتووری هەر گەل و کۆمەڵگایەك، هەڵقوڵاوی دین و عەقیدە و جیهانبینیی ئەو گەل و کۆمەڵگایەیە:-

هەر میللەتێك چۆن تەماشای دین و ژین بکات و عەقیدە و بیروباوەڕی چۆن بێ دیارە کلتوورەکەیشی وا دەبێ، بۆیە زۆر هەڵەیە کە ئێمە بانگەشە بکەین بۆ کلتوور (ثقافة) ی خەڵکی دی کە هەڵقوڵاوی دین و عەقیدە و جیهانبینی خۆیانە، هەڵبەتە مسوڵمان سەلبی و داخراو نیە لە بەرانبەر فیکر و کلتووری خەڵکی دیکەدا ،بەڵام لاسایی کەرەوە و خۆبەدەستەوەدەریش نیە، وەك خوا فەرموویەتی: ﴿ **الَّذِينَ يَسْتَمِعُونَ الْقَوْلَ فَيَتَّبِعُونَ أَحْسَنَهُ أُوْلَئِكَ الَّذِينَ هَدَاهُمُ اللَّهُ وَأُوْلَئِكَ هُمْ أُوْلُوا الْأَلْبَابِ**﴾ الزمر -18-،

www.alibapir.com

واتە: ئەوانەی کە گوێ بۆ هەموو قسەیەك دەگرن بەڵام بە دوای چاکەکەی دەکەون ئەوانە کەسانێکن خوا ڕێنمایی کردوون وە ئەوانەن خاوەن عەقڵان.

بەڵێ مسوڵمان نابێ وەك سەبەتە بێ هەرچی تێکەی هەر وەری بگرێ و هەڵی گرێ! بەڵکو دەبێ بێژینگ بێ و شتی باشی خەڵك وەربگرێ و خراپەکەشی فڕێ بدات، ئێمەی مسوڵمان خاوەنی فیکرو ئەدەب و کلتووری خۆمانین کە لە دین و عەقیدە و جیهانبینیی خۆمانەوە هەڵقوڵیوە، بە هەمان شێوە خەڵکی دیکەش خاوەنی کلتوور و ئەدەبی خۆیەتی کە پەیوەندیی بە دین و عەقیدە و جیهانبینیی خۆیەوە هەیە، ئیدی مەرج نیە ئەو فیکر و کلتوورەی ئەوان بە کەڵکی ئێمە بێت، بۆ نموونە:

مەرج نیە عەلمانییەت (سیکۆلاریزم) -کە لە ئەوروپا پەیدا بووە- بە کەڵکی ئێمە بێت، ئەوروپا بۆیە پەنای بردە بەر عەلمانییەت چونکە دینێکی ئەفسانەیی و تێکدراوی لەبەر دەست دا بوو، دینێك کە لەسەر بناغەی وی قەشە و پاپایەکان دەستیان لەگەڵ پاشا و دەرەبەگەکاندا تێکەڵ کردبوو، وە بە هەرسێك لایان سێکوچکەیان پێکهێنابوو (قەشە، دەرەبەگ، پادشا) ئەو سێکوچکە شوومەی دژی بەرژەوەندی یەکانی خەڵك و جەماوەر

www.alibapir.com

بوو، بۆیە خەڵك بە قیادەی زانایان و فەیلەسووفەکان لەو دینە و دام و دەزگاکانی ئەو دینە ڕاپەڕین، کەواتە ئەو عەلمانی یەت و بێدینایەتی یەی کە لەوێ سەری هەڵداوە هیچ پەیوەندی یەکی بە ئێمەوە نیە، چونکە دینی ئێمە بە پێ چەوانەی نە صرانییەتەوە دژی زوڵم و ستەمی ئابووری یەو دژی ئیستیبدادی سیاسی یەو دژی تەقلید و لاسایی کردنەوەی کوێرانە یە و لە گەڵ عیلم و عەقڵ دایە و لەگەڵ برایەتی و تەبایی دا یە و بە کورتی دژی هەموو شتێکی خراپەو لەگەڵ هەموو شتێکی باش دایە، کەواتە بەشێکی بنەڕەتی لە کلتووری ئەورووپا کە بریتیە لە عەلمانییەت و لە هەل و مەرجی تایبەتی ولاتانی ڕۆژئاوا هەڵقوڵیوە مەرج نیە بە کەڵکی ئێمە و ئێرە بێت، وە بێگومان ئێمە وەك خەڵکێکی مسوڵمان هیچ پەیوەندیمان بە عەلمانییەتەوە نیە و هیچ پێویستیشمان پێی نیە و بە تەئکید عەلمانی یەت ئە گەر بۆ ماوەیەکی کەمیش بگونجێ بە زەبری پارە و ترس و تەماع و چەواشەکاریی و بێ ئاگایی خەڵکەوە بژیەت، ناتوانێ بۆ ماوەیەکی زۆر بمێنێ، وەك چۆن کاتی خۆی لە سەرەتای هەشتایەکان بە وانەی کە هەڵگری فیکرەی مارکسیزم و کۆمۆنیزم بوون پێم دەگوتن:

www.alibapir.com

كاكە فیكرەی ماركسیزم و كۆمۆنیزم لێرەدا ناڕوێ! میللەتی ئێمە دینێكی ڕاست و تەواو و دروستی هەیە و ماركسیزم و كۆمۆنیزم كاتی خۆی لە كاردانەوەی زوڵم و ستەمی ڕژێمی سەرمایەداریی دا پەیدا بووە، بەڵام ئیسلام لە كاردانەوەی هیچ شتێك دا پەیدا نەبووە، بەڵكو بەرنامەیە كە خوای پەروەردگار دایبەزاندوە و پەیوەندیی بە جیھانبینی و بە عەقیدەوە هەیە، بە عیبادەت و بە ئەخلاقەوە، بە حوكم و سیاسەتەوە، بە ئابووریی و لایەنی كۆمەلایەتییەوە هەیە و حەقیقەتێكی ڕەها (مطلق) ی خواییە دایبەزاندوە بۆ ڕێكخستنی ژیانی خەڵك، بەڵێ دەرك كردنی ئەم ڕاستییە یەكەم هەنگاوی چارەسەرە، كە ئێمە میللەتی مسوڵمانی كوردستان دەبێ كلتوور و فەرهەنگ و سیاسەت و حوكم و ڕەوشت و هەلس و كەوت و... هتدمان هەڵقوڵاوی دین و عەقیدەی ئیسلامیی مان بێت، نەك شتێكی دیكە چونكە بە پێچەوانەوە وێڕای ناشەرعیی و بێ دینی، دووچاری حالەتێكی سەیر و سەمەرەو نامەنتیقیش دەبین كە بە هیچ پینەو پەڕۆیەك پاساو نادرێتەوە!

www.alibapir.com

دووەم: بــاوەڕ و متمـــانە هــەبوون بە ڕەســەنایەتیی خۆمان:

ئەمیش دووەم هۆكاری گرنگە بۆ چارە سەر كرد نی ئەو نەخۆشی و دیاردەیەیە، بەڵێ دەبێ ئێمە باوەڕ (ثـقة) مان بە خۆمان بێت كە خاوەنی ڕابردوویێكین وئێمە درەختێكی بێ ڕەگ و ڕیشە نین و میللەتێكی بێ مێژوو نین، ئێمە میللەتێك نین بێ سەروەری بین، ئێمە دەیان ڕابەر و سەركردەمان هەیە لە مەیدانی خەباتی ڕزگاریخوازی دا كە لە سەركردە و ڕابەرانی گەلانی دیكە كەمتر نین، وە لە مێژووی ئیسلامدا كەڵە پیاوی وامان هەبووە بۆ نموونە: (صلاح الدین) كە نەك هەر كورد و گەلانی مـ سوڵمان بەڵكو مرۆڤایەتی شانازیی پێوە دەكات.

هەروەها لە ڕووی زانست و فەرهەنگ و ئەدەبەوە خاوەنی كەڵە پیاوی گەورە گەورەین، بە هەمان شێوە لە ڕووی تەزكـیەی نەفسەوە خاوەنی پێشەوا و زانایانی زۆر بەرجەستەین كە خەڵكی دیكەش لەسەر دەستیان هیدا یەتی وەرگر تووە، كەوا تە ئێ مە خاوەنی دیـ یێك نین ڕابردوو یەكی پڕ شنگدار و مێژوو یەكی شكۆمەندی جێی شانازیی بۆ نەڕەخساندبین، تاكو قێز مان لە خۆمان ببێتەوە و خەت بەسەر ڕابردووی خۆمان دا ب ێنین!! بۆ وێنە: لە ڕووی ئەدەبو شیعرەوە خاوەنی چەندین شاعیری گەورەو

www.alibapir.com

هەڵكەوتووین، وەك: (نالی، مەحوی، ئەحمەد شەوقی، مەلای گەورە، مەلای جەزیری، حاجی قادری كۆیی، ئەحمەدی خانی...هتد)، وە لە بواری تەزكیە و تەسەوف دا خاوەنی پیاوی وەك: (مەولانا خالید و كاك ئەحمەدی شێخ و شێخ عثمانی تەوێڵەیی و شێخ یوسفی بورهان و...هتد) ین، وە لە ڕووی خەباتی نەتەوایەتی یەوە خاوەنی كەلە پیاوانی وەك: (شێخ مەحمودی حەفید، شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری، شێخ سەعیدی پیران، قازی محمد، سمایل خانی شكاك، مەلا مصطفی بارزانی) ین كە پیاوی بە شەهامەت و جوامێرو بەرجەستە بوون و توانیویانە بەشێكی زۆری میللەتەكەی خۆیان قەناعەت پێ بێنن كە خەبات بكەن، لە پێناوی ئازادیی و ڕزگاریی دا.

بەڵێ، ئێمە میللەتێكی بێ ڕابردوو و بێ‌مێژوو نین تاكو خۆمان وەك كەسێكی بێ ڕابردوو و بێ مێژوو بێتە بەرچاو و هیچ باوەڕو متمانەیەكمان بە خۆمان نەبێت، كەواتە: هەنگاوی دووەم بۆ چارەسەری كێشەی لاسایی كردنەوە و پەرەپێدانی دیاردەی بەهرە وەرگرتن لە خەڵك لەسەر بنەمای ڕەسەنایەتی، بریتیە لە متمانەو باوەڕ بە خۆبوون، بە دین و عەقیدە و كلتوور و مێژوو و...هتدی خۆمان.

www.alibapir.com

سێیەم: هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنی کێشەوگرفتەکانی کۆمەڵگاکەمان:

-وەك ئاماژەم پێ کرد- سوپاس بۆ خوا ئاواتێکی چەندین ساڵەمان هاتەدی کە ئەویش بریتی بوو لە یەککگرتنەوەی دوو ئیدارەکە کە ئومێدێکی خستۆتە دڵی خەڵکەوە و هیواداریین کە ئەو حکوومەتە یەککگرتووەی کوردستان بتوانێ ئەو قەیرانانە چارەسەر بکات لە هەموو ڕوویێکەوە، قەیرانی ئابوریی و سیاسی و کۆمەلایەتی و کلتووریی و ئەخلاقی... کە بێگومان ئێمە لە هەموو ئەو بوارانەدا لە قەیران داین ئنجا دیارە ئەو قەیرانە جۆراوجۆرانەش فشارێکی زۆر دەخەنە سەر دڵ و مێشکی بەشێك لە گەنجەکانمان و وایان لێ دەکەن کە بیر لە شتی سەیر و سەمەرە بکەنەوە کە وەك گوتمان مەگەر ناوونیشانی: ((**لاسایی کردنەوە و کوێرانە بە ڕێ دا ڕۆیشتن**)) بگونجێ بکرێتە پێناسەیان.

ئیدی بە هیوای ئەوە کە بە هەوڵ و هیممەت و هاوکاری هەموو لایەك بتوانین چارەسەری ئەو دیاردە و نەخۆشییە کوشندەیە بکەین لەبەر ڕۆشنایی ئەو سێ ڕاستی یەدا کە باسمان کردن:

1- فیکر و کلتوور و فەرهەنگی ئێمە پێویستە لە دین و

www.alibapir.com

عەقیدە و جیهانبینی ئیسلامیی مانەوە هەڵبقوڵێ.

2- دەبێ باوەڕ و متمانەمان بە ڕابردووی خۆمان هەبێ.

3- هەوڵی چارە سەر کرد نی کێ شە و قەیرا نە گەورە و جۆراوجۆرەکانمان بدەین هەموو لایەکمان بە گشتی و بە تایبەت برادەرا نی عەلمانیی حوکمڕان کە هەر چی دەسەڵات و سامانە لای ئەوانە!.

تاکو خەڵکەکەمان بە گشتی و گەنج ولاوەکانمان بە تایبەت کە هەستیارترین چین و توێژی هەر گەل و کۆمەڵگا یەکن لە ژ ێر فشاری ئەو واقیع و هەل و مەرجە تاڵ و دژوارەدا زیاتر تووشی نا ئومێدیی نەبن و پەنا بۆ شتی وا نەبەن کە پێچەوانەو دژی دین و عەقڵ و مەنتیق و بەرژەوەندیی دنیاو دوا ڕۆژیانە!

سبحانَك اللَّهُم وبحمدك أشهد أن لا اله إلا أنت

أستغفرك وأتوب إليك

www.alibapir.com

نێــوەڕۆك

پێشکەش بێ 5
ئەم نامیلکەیە 8
پێشەکی 12
دەقی وتارەکە 31
(1) پێناسەی گەنج و ڕەسەنایەتیی و لاسایی کردنەوە:..................34
یەکەم: پێناسەی گەنج:..34
دووەم: پێناسەی ڕەسەنایەتیی: 35
سێ یەم: پێناسەی لاسایی کردنەوە:..36
(2) گرنگی قۆناغی گەنجێتی و لاوێتی: 39
(3) ڕەسەنایەتیی و بەهرە لە خەڵك وەرگرتن دژی یەك نین: 43
(4) دیاردەی لاسایی کردنەوە لە چی یەوە سەرچاوە دەگرێ ؟! 54
هۆکارەکانی تەشەنەکردنی دیاردەی لاسایی کردنەوە 58
یەکەم: هەبوونی لاسایی کردنەوە لە ئاستی باڵا دا. 59
دووەم: کاریگەریی سەلبی هۆیەکانی ڕاگەیاندن. 60
سێ یەم: هەبوونی بۆشایی فیکریی و ڕووحیی. 62
چوارەم:بارودۆخی ناهەمواری سیاسیی وئابووری و کۆمەڵایەتی.........63
(5) چارەسەری کێشەی لاسایی کردنەوە لە چی دا دەبینین؟! 65
یەکەم: دەرك کردنی ئەو ڕاستی یە کە کلتووری هەر گەل و کۆمەڵگایەك، هەڵقوڵاوی دین و عەقیدە و جیهانبینیی ئەو گەل و کۆمەڵگایەیە......65
دووەم: باوەڕ و متمانە هەبوون بە ڕەسەنایەتیی خۆمان 69
سێیەم: هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنی کێشەو گرفتەکان 71
نێوەڕۆك 73